پێشکەشە بە:

–پێشکەشە بە باوکم و ... دایکم و ... هەردوو براکەم.

–هەموو زانستخوازانی کوردستان.

# فەرهەنگی زاراوەکانی

# ئینتەرنێت و

# چات

نووسین و ئامادەکردنی :

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

## پێشەکی

ئەم فەرهەنگەی لەبەر دەستی تۆی بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیای زانیاریەکان و، زانستخوازدایە، بەشێکی دیکە لە هەوڵە دووا بە دوواو، بەردەوامەکانی نووسەرو، خزمەتێکی دیکەی نوێی نوسەرە، کە هەموو ئەو ووشەو زاراوە گرنگ و پێویستانەی لەخۆ گرتووە کە بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و چات پێویستەو، هاوکات هەوڵیشمانداوە چەندان ووشەی گشتی و، گرنگی بواری ئای تی و کۆمپیوتەری تێکەڵاو بکەین بە مەبەستی زیاتر سوود گەیاندن بە خوێنەرو، بەکارهێنەری ئەم تەکنەلۆژیایەدا، وەڵێ لە ئاییندەی نزیکدا فەرهەنگی تایبەت بە بوارەکانی دیکەی ئای تی بڵاو دەکەینەوە بە گوێرەی کات و توانا – إنشاالله. هێمن بەرزنجی

15/16–2–2007 ز/کوردستان–سلیمانی


**فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات/ئینگلیزی –کوردی**

**ناوی کتێب: فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات.**

Internet and chat dictionary

**نووسین و ... ئامادەکردنی: هێمن مەلاکەریم بەرزنجی**

**ساڵی: 2007–کوردستان، سلێمانی**

**تیراژ: 5000دانە**

**بابەت: زانستی– زمانەوانی تایبەت بە تەکنەلۆژیای زانیاری**

**ژمارەی سپاردنی( 225 )ساڵی 2007پێدراوە**



**مافی لەچاپدانەوەی پاریزراوە بۆ نووسەر**

# Internet & Chat

# Dictionary

**HEMN MK. BARZNJI**

**2007**

# A

A, a

یەکەم تیپی (پیتی) زمانی ئینگلیزییەو، دەنگی (ئەی) هەیەو، بۆ زۆر باشەش (پلە–نمرە) بەکاردێت.

A:

بزوێنەرە فلۆپی، لە بەرنامەی خستنەگەڕی ویندۆزو هەندێك بەرنامەی دیکەدا ئەم هێمایە بریتییە لە یەکەم بزوێنەر کە فلۆپییە، یان بەشێکی سەرەکیە لە بەرنامەکە (ویندۆز، ...).

A to d converter





گۆڕەری ئەنەلۆگ بۆ ژمارەیی.

Abacus

ژمێرەر، ئامێرێکی موورودارەو بۆ مەبەستی فێرکردن بەکاردێت.

ABIOS (Advanced Basic Input /Output system)

سیستەمی بنچینەیی پێشکەوتوو بۆ داغڵکردن و وەرگرتنەوەی زانیاری.

Abilene

ناوی پۆلەکانی Internet2، و هەردوو پرۆژەکانی بنچینەیی UCAIDکە کورتکراوەی (University Corporation for Advanced Internet Development)

Abnormal end

کۆتایی نا ئاسایی.

Abort

وەستان، بە ئەنجام نەگەیشتن، وەستانی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرە کاتێك هەندێك هەڵە ڕوو دەدات، کە ناتوانرێت لەو کاتەدا هەڵەکان راستبکرێنەوە.

Absolute error

هەڵەی تەواو.

Absolute loader

هەڵگرتنی تەواو، بارکردنی تەواو، مەبەست داگرتنی بەرنامە، یان زانیاری کۆکراوەیە لە ناونیشانێکی تەواودا بۆ بیری (زاکیرەی) ئامێرەکە، پێش جێبەجێکردن و، کارپێکردنی.

A/B switch box

دووانە بگۆڕ، بگۆڕی جووت.





A-bus

گوێزەرەوەی ناوەکی.

Ac

شەپۆلی ناوبەناو، تەوژم و تەزووی بە نۆرە.

.ac

لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت دا، ئەم کورتکراوەیە سوودی لێوەردەگیرێت بۆ پاشگری ماڵپەرەکان، کە تایبەتە بە دامەزراوە زانستیەکانی جیهان وەکو: (زانستگە (زانکۆ)کان، ئەکادیمیاکان، فێرگەکان و ...)و، ئەم کورتکراوەیە لە وشەی academyوەرگیراوە.

نموونە بۆ ئەم پاشگرە:

–ناوەندی زانستی ئۆکسفۆرد.

**www.ox.ac.uk**

–زانستگە (زانکۆ)ی تۆکیۆ.

**www.u-tokyo.ac.jp**

Acceptable user policy

**سیاسەتی بەکارهێنانی پەسەندکراو، سیاسەتی بەکارهێنانی گونجاوەو کورتکراوەکەی (AUP)یە.**

Access

**گەیاندن، گەیەنراو، بەردەوام، کرداری بە دووا گەڕانی زانیارییەکانە، یان خوێندنەوەی، یان نوسینی لەسەر یەکەی هەڵگرتن و پاراستن (سەیڤ). ئەم ووشەیە مانای جۆربەجۆری هەیە وەکو پەیوەندی بە ئینتەرنێتەوە (Internet access)یان بە مانای جۆری پەیوەندی و گەیاندن.**

Access gate





**دەروازەی گەیاندن، دەرچەی گەیاندن**

Access, immediate

**گەیاندنی خێرا.**

Access level

**ئاستی گەیاندن.**

Access line

**هێڵی گەیاندن، هێڵی پەیوەندیکردنی هەمیشەییە لە نێوان خاڵی کۆتایی و کۆمپیوتەردا.**

Access number

**ژمارەیی گەیاندن، ژمارە تەلەفۆنە سەبارەت بە سوود وەرگرتن بۆ پەیوەندیکردن بە یەک (Isp) یەوە بەکاردێ.**

Accessories

زیادکراوەکان.

Accessory

ئامێری یارمەتیدەر.

Accessory program

بەرنامەی پاشکۆ.

Access privileges

ئیمتیازاتەکانی گەیاندن، ڕێگەپێدەری خوێندن یان چاکسازی فایلەکانە لە یەك تۆڕدا.

Access provider

بۆ زانیاری تەواو سەیری ( Internet service provider) ISP بکە.

Access random

گەیاندنی هەڕەمەکی.

Access right

مافی گەیاندن.



فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات

Access speed

خێرایی گەیاندن.

Access time

کاتی گەیاندن .

ACCU (Association of C and C ++ user)

کۆمەڵەی بەکارهێنەرانی c و c++.

ACF (Advanced communications Function)

فەرمانی پەیوەندییە پێشکەوتووەکان.

ACK

نیشانەی ئاگاداری و هەستپێکردنی وەرگرتن، ئاگادارییە بە وەرگرتنی پەیام (نامە) لە تۆڕی پەیوەندییەکانەوە.

Acknowledge

هەستکردن بە گەیاندن، بۆ وەڵامدانەوە، بۆ بە دەنگەوە هاتن و وەڵامدانەوە، بۆ ناونیشانی کەسێك، یان پەیامێك.

Acknowledge mail

نامەی هەستپێکردن و ئاگاداری بە گەیاندن، هێمای نێرەرە بۆ وەرگر، دووای وەرگرتنی پەیامی ئەلکترۆنی و ئاگادار کردنەوەی نێرەر لە پێگەیشتن و خوێندنەوەی نامەکە.

Acknowledgement

هەستپێکردن و ئاگادارکردنەوە بە وەرگرتن.

Acoustic modem

مۆدێم جۆری جیاوازی زۆرەو، دەبێتە هۆی گۆڕینی هێما کارەباییەکان بۆ ئاوازی





تەلەفۆنی و، بە پێچەوانەشەوە. ئەم گۆڕانەش ڕوو دەدات بەهۆی گەیەنەری دەنگیەوە.

Acoustic treatment

پچڕانی دەنگی، جیاکەرەوەی دەنگی، دابڕین و دەوورخستنەوەی دەنگی.

Acrobat

بەرنامەی ئەکرۆبات.یەکێکە لە بەرنامە ناسراوەکانی کۆمپانیای ئەدۆب بۆ بەرهەمێنانی بەرنامەکان و، لە بواری تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت دا سوودی زۆری لێ وەردەگیرێت بۆ گۆڕینی فایلە ئاساییەکان بۆ فایلی PDF کە کورتکراوەی ( Portable Document File)ەو، لەم بارەشدا کێشی فایلەکان کەم

دەبێتەوەو، لە تێکچوونی فۆنتیش دەیپارێزێ.

Acrobat reader

بۆ خوێندنەوەی فایلی ئەکرۆبات بەکاردێت و، بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەکرۆبات بکە.

Acronym

زاراوەی یەکەمی، ناولێنانی کورت، ووشەیەکی کورتکراوەیەو پێکهاتووە لە پیتی جیاوازو، وەکو ووشەیەك دەخوێندرێتەوە بەڵام هەر پیتەو ووشەیەکی سەربەخۆیەو، مانایەکی هەیە، ئەم ووشەیە (acronym) لە زمانی یۆنانیدا، بە مانای (ناو) و (کۆتایی، ئەوپەڕی) دێت، وەکو (FORTRAN) و





ووشەی RAM و ووشەی Basic و ئەم ووشو و زاراوانەی خوارەوە:

AND Any Day Now
AFAIK As For As I Know
AFK Away From keyboard
B4N Byte for Now
BAK Back At keyboard
BBL Be Back Later
BCNU Be seeing You
BEG Big Evil Grin
BFD Big Fucking Deal
BFN Bye For Now
BRB Be Right Back
BTW By the way
CU see you
CUL, CUL & R see you later
DIKU Do I know you?
EG Evil Grin

F$_2$F Face to Face
FUD Fear, uncertainty and Doubt
FWIW For what Its worth
FYI For your Information
G/<G> Grin
GA Go Ahead
GAL Get A Life
GD&R Grinning, Ducking and Running
GMTA Great Minds Think Alike
IAC in Any Case
IANAL I Am Not a Lawyer
IC I see
IIRC IF I Recall/ Remember correctly
IMHO In My Humble/ Honest Opinion





IMO in My Opinion
IOW In other words
IRL in Real Life
JK just kidding
L&R Later
LOL Laughing out Loud
NRN No Reply/ Response Necessary
OIC Oh, I see
OTOH On The Other Hand
PDA public Display of Affection
PITA pain In the Arse
RL Real Life
ROFL Rolling on Floor Laughing
RSN Real soon now
RTFM Read the Fucking Manual

SNAFU Situation Normal, All Fucked UP
SO Significant Other
TIA Thanks In Advance
TPTB The power that be
TTFN Ta Ta for Now
TTYL Talk To you later
TYVM Thank you very Mach
VBG Very Big Grin
WB welcome Back
WTH what the hell
YMMV your Mileage May Very

---

**سەرنج: ئەم کورتکراوانە ژمارەیان نزیکەی (٣٥) هەزار دەبێت و، گەر خوای گەورە تەمەن بدات (إنشاالله)و، تەندروستیم باش بێت (پشت بە خوا)، ئەوا: لە فەرهەنگێکدا**





**هەموویان چاپ دەکەم، لێرەداو لەم فەرهەنگە بچووکەدا تەنها گرنگەکان باس دەکەین.**

Action

**کار، کردار، جوڵە.**

Action message

**پەیامی کار، نامەی کار.**

Activation

**چالاکی.**

Active

**چالاک.**

Active document

**دۆکیومێنتی (بەڵگەنامەی) چالاک.**

Active file

**فایلی چالاک.**

Active movie

فیلمی چالاك، تەکنەلۆژیای سەبارەت سوود وەرگرتنی مایکرۆسۆفت بۆ چالاککردنی دەنگ و، تەسویر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.

Active program

بەرنامەی چالاك، بەرنامەیەکی دابەزێنراوە بۆ ناو ئامێری کۆمپیوتەرو کار کردنە پێی.

Active server page

لاپەڕەی خزمەتگوزاری ئەلکترۆنی چالاك، کورتکراوەکەی ASP–یە.

Active window

پەنجەرەی چالاك، بەشێکە لە شاشەی بەکارهێنانی چالاکی هەنووکەیی.

Activex





تەکنەلۆژیای ئەکتیڤ ئێکس، کۆمەڵێکە لە تەکنەلۆژیا کە گونجاوە پێکهاتەکانی پرۆگرامسازی لە گەڵیان کار بکات، لەناو ژینگەی تۆڕی پەیوەندیەکاندا.

Activex control

ڕەگەزی دەستبەسەردا گرتنی تەکنەلۆژیای ئەکتیڤ ئێکس.

Activity level

ئاستی چالاکی، پلەی چالاکی

Activity light

ڕووناکی کار

Activity loading

هەڵگرتنی چالاك، پیٚ هەڵگرتنی چالاك، ڕێگەیەکە بۆ هەڵگرتن و شارا کردنی بەشەکانی فایلە زۆر چالاکەکان، کە توانای

دیاریکردنی شوێن و خێرایی گونجاوی هەیە.

Activity window

پەنجەرە ی کار.

ACU (Automatic communication unit)

یەکەی پەیوەندیکردنی خۆیی

.ad

سنووری ئەی دی.، بواری ئەی دی.

A/ D (A to D)

گۆڕەری پێوەری ئەنەلۆگ بۆ دیجیتاڵ.

Ad

کورتکراوەی ووشەی (advertisement)ە، کە بە مانای ئاگاداری، دێت، لە ئینتەرنێت دا، بە بڵاوکردنەوەی سەر ڕووی لاپەڕەکانی وێب دەوترێت، واتە:





ڕیکلام و ئاگادارییەکان و بڵاو نامەکان، کە دەتوانرێت نووسین بێت، یان وێنە گیراو، وەکو یەك بانەر (Banner) بە قەبارەی 460x80 یان قەبارەو شێوەیەکی تر.

Ad click

بگەڕێرەوە بۆ (click right).

Ad space

بۆشایی ژووری لاپەڕەی وێب کە بە جۆرێکی بەرچاو بۆ ئاگادارکردنەوە نواندنە.

Adaptor

گونجێنەر

ADB (Apple Desktop Bus)

گوێزەرەوەی گشتی بۆ ڕووی شاشەیی ماکنتۆش .

Address

**ناونیشان.**

**١- ناونیشانی پۆستی ئەلکترۆنی** (E-Mail).

hemnymela@yahoo.com
dr.hemnbarznji@yahoo.com

**٢- ناونیشانی ئای پی** (IP Address).

**٣- ناونیشانی ئینتەرنێت، کە بە URLناودەبرێت و، URL-یش کورتکراوەی** Uniform Resource Locator **وەکو:**

http://www.kurdistannet.org
http://www.kurdistanpost.com

**کاتێك ئەو ناونیشانە دەنووسیت و، دەیکەیتەوە، ماڵپەڕەکە دێتە سەر ڕووی**





**شاشەکەو، هەمیشە (یو، ئاڕ، ئێڵ)ەکان بە** http:// **دەست پێدەکات کە کورتکراوەی وشەکانی** (hypertext transfer protocol) **ە، دوای** http:// **ماڵپەڕەکان و ناونیشانەکان بە** .www **دەست پێدەکەن و، پاشان ناونیشانی ماڵپەڕەکە** (Domain name) **و لە کۆتاییشدا پاشگرێك** ( .com, .org, .edu , .ac, ...).

Addressable location

**شوێنی (ناوچەی) گونجاو بۆ ناونیشان.**

Addressable point

**خاڵی گونجاو بۆ ناونیشان.**

Addressable register

**تۆمارکردنی گونجاو بۆ ناونیشان.**

Address absolute

ناونیشانی ڕەها، ناونیشانی تەواو.

Address book

پەرتووکی ناونیشان، بەرنامەیەکە بۆ کارئاسانی بەکاربەرانی پۆستی ئەلکترۆنی (E-Mail) سوودی لێوەردەگیرێت، بۆ ناردنی نامەو پەیام بە شێوەیەکی ئاسان و سادە بۆ بەکارهێنەر.

Address conversion

گۆڕەری ناونیشان

Address direct

ناونیشانی ڕاستەوخۆ

Address, double

ناونیشانی جووت، دووانە ناونیشان

Address effective

ناونیشانی ڕاست، یان کرداریانە.





Address external device (ED)

ناونیشانی ئامێری دەرەکی.

Address indirect

ناونیشانی ناڕاستەوخۆ.

Addressing mode

بارەکانی ناونیشان.

Addressing, specific

ناونیشانی دیاریکراو، ناونیشانی ڕەها.

Address mask

داپۆشەری ناونیشان، شارەرەوەی ناونیشان. جۆرێکە لە بتەکان (Bits) و نرخی دووانیەو بەکاردێت بۆ شاردنەوەی بەشێکی ناونیشان، بەکارهێنانی ئەم جۆرو شێوەیە بە گشتی بۆ خوێندنەوەی تۆڕی پەیوەندیەکانە، یان بەشێك لە تۆڕی

لاوەکی لەناو تۆڕی ئینتەرنێت دا، یان ناونیشانی پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت، کە لێرەدا ئەمەیان مەبەستی سەرەکی‌یە، وەکو:

207.37.253.203

ماڵپەری ئەو شێوە شاردنەوەو داپۆشینەی سەرەوە بەم جۆرەیە:

**www.atkearney.com**

Address part

بەشی ناونیشان.

Address sign

بگەڕێرەوە بۆ @، At Sign.

Administrator (admin)

بەڕێوەبەری بەرپرس.





١– بەڕێوەبەری نەزم (سیس ئەدمین)، مەبەست لە کەسێکە کە بەرپرس و بەڕێوەبەری تۆڕێك بێت.

٢– بەڕێوەبەری بەرنامە ڕێژی و ئاگاداری.

AND

تۆڕی ژمارەیی پێشکەوتوو.

Adobe

کۆمپانیای ئەدۆب.کۆمپانیای پەرەپێدانی بەرنامەکانە، لە ناویاندا بەرنامەی ناسراوی ئەکرۆبات و، بەرنامەی پۆست سکریپت و هی تریش.

Adobe acrobat

بڕوانە Acrobat reader, Acrobat بۆ زانیاری پێویست.

Adobe Illustrator

ئەدۆب ئلستریتەر.

بەرنامەیەکی ناسراوی کۆمپانیای ئەدۆبەو تایبەتە بە کۆمپیوتەری ماکنتۆش و، بەرنامەیەکی وێنەی بەیانی پێشکەوتووە.

Adobe system Inc.

نەزمی (نیزامی) ئەدۆب.

ADSL (Asymmetric Digital subscriber Line)

هێڵی بەشداربوونی ژمارەیی (دیجیتاڵی) ناڕووبەڕوو (ناڕاستەخۆ).

تەکنەلۆژیایەکە، کە هێڵی ئاسایی تەلەفۆنی بە هێڵی دیجیتاڵی خێرای گوێزەرەوە گرێ دەدات و، دەتوانرێت زانیاری بە خێرایی ١,٥ تا 9Mbps





ڕەوتی کۆتایی و، ١٦ تا 80kbps ڕەوتی باڵا بگوێزرێتەوە.

Advanced Research project Agency (ARPA)

دەزگاو، ڕێکخراوی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو. ئاژانسی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو.

Advanced Research project Agency network (ARPANET)

تۆڕی ناوەندو ڕێکخراوی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو. تۆڕێکی پەیوەندی فراوانەو ژمارەیەکی زۆر ئامێری کۆمپیوتەر لەخۆ دەگرێت کە هەموویان گرێدراون بە یەکترەوە، لە ڕاستیدا پەرەی پێدراوە، بووە بە تۆڕی ئینتەرنێت.

Advanced RISC (Reduced Interaction set computing)

تەکنەلۆژیای (RISC) پێشکەتوو.

Advanced Version

نوسخەی (نەوەی) پێشکەوتوو.

Advanced game

یاری پێشکەوتوو، جۆرێکە لە یاری، کە بەکارهێنەر تیایدا تووشی ترسناکی دەبێت و، جەربەزانە لە گۆڕەپانی یارییەکەدا خۆی دەنوێنێ.

Affiliate programs

بەرنامەکانی پەیوەندی و گرتنەخۆو، بوون بە ئەندام.

AFK (Away From keyboard)

دوور لە تەختە کلیل (کیبۆرد).

Agenda





بەرنامەی ڕێکخستن، بەرنامەی ڕێککردن.

Agent

بەرنامەیەکە، و بۆ گەڕان بەکاردێت و، بگەڕە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بە دووای زانیاری دیاریکراودا، بە بەکارهێنانی شێوەو پێڕست و ناوەڕۆکی جیاواز.

Al (Artificial Intelligence)

زیرەکی دەستکرد.

AIFF (Audio Interchange File Format)

شێوەیەکی دەنگییە، کە لە بنچینەدا بەکاردێت لەگەڵ ئامێری کۆمپیوتەری (silcon Graphic and Apple). ئەم تەکنەلۆژیایە کاردەکات لەسەر هەڵگرتن و

پاراستن (سەیڤ) ی دەنگ بە شێوەی شەپۆل.

Aiming symbol or Field

کێڵگە، یان هێمای دیاریکراو.

Air brush

ئامڕازی بڕەش، ئێر بڕەش، بوخاخ.

Air gap

کەلێنی (دەلاقەی) هەوایی.

Alarm

بە ئاگا هێنان، ئینزار، ئاگادارکردنەوە.

Algebra

جەبر، زانستی جەبر.

Alias

ناوێکی جێگرەوەو لە جیاتی، ناوی خوازراو کە جێگەی ناوی ڕاستی بگرێتەوەو، ئەم ناوە خوازراوە دەکرێت بۆ





کۆمەڵەیەك بەکاربێت، یان بۆ تەنها کەسێك و، بەزۆری لە دروستکردن و بەکارهێنانی نامەی ئەلکترۆنی(E-Mail)و، ژوورەکانی چات بەکاردێت و، هەندێك جار ئەو ناوە خوازراوە دووبارە دەبێتەوە لە ئیمەیلەکاندا وەکو **webmaster@-----.com** و تەنها ناوی ماڵپەڕەکەو دووای @ دەگۆڕێت.

Alignment

یەدەك، جێگرەوە.

Alpha

ئەلفا، ئەلف بیٚ، ئەلف و بیٚ. بۆ نواندنی زانیاریەکانە بەبیٚ بەکارهێنانی ژمارەو، بۆ بەرنامەکان و هاردوێریش سوودی

**لێوەردەگیرێت، کە لە قۆناغی فراوانبوونی یەکەمی دا بێت.**

Alphabet

**پیتەکانی ئەلف و بێی. کۆمەڵێك پیتە بۆ نواندنی زانیاری.**

Alphabetic

**حونجە کردن، ئەلف و بێی.**

.alt (alternate news group)

**کۆمەڵە هەواڵیەکانی جۆری ئاڵت. چینی هەموو بابەتەکانە بۆ کۆمەڵەی هەواڵی** USENET**و، یەکێکە لە باشترین چینەکان و، ماوەی چینەکان گوزارشتە لە:** (.com=computer, .news, .sci=science, .talk, .bize=business,





.misc=miscellaneous, .rec=recreational, .soc=social.)

AltaVista

**سێرچی ئەلتاڤیستا، بگەڕی ئەڵتاڤیستا. یەکێکە لە بگەڕو سێرچە ناسراوەکانی دونیای ئینتەرنێت، کە ماوەیەکی زۆرە خزمەتگوزاری گەڕان بە شێوەیەکی ووردو، سەرکەوتوو پێشکەش بە بەکارهێنەران دەکات، و زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن لاپەڕەی لەخۆ گرتووە، و گرنگی تەواویشی داوە بە** USENET **و، گرنگی داوە بە هەموو نەتەوەو زمانەکانی سەر ڕووی زەوی، و ناونیشانەکەی بەم جۆرەیە:**

**www.altavista.com**

amazon

ئەمازۆن. فرۆشگایەکی تایبەت بە پەرتووکە، لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە کە Jeff Benzo لە جولای ساڵی ١٩٩٥دا، دایمەزراندو دایهێناو، پەرەیپێداو، بە چەندین ناونیشانەوە بڵاوبوویەوە، وەکو:

**www.amazon.com**
**www.amazon.de**
**www.amazon.co.uk**

ئەمازۆن جگە لەوەی لە زمانی یۆنانیدا لە a و mazos پێك هاتووەو سەرچاوەی وشەکەیە، لە زمانی ئینگلیزیشدا چەندین مانا دەدات بە دەستەوە، وەکو: (لە ئەفسانەی یۆنانیدا ژنە جەنگاوەرێکی نزیك دەریای ڕەش، سەربازی ژن، ژنی





کەتەو چوارشانەو زل، جۆرە تووتی و مێروولەیەکیش هەن بە ئەمازۆن ناسراوون، ڕووبارێکیشە لە ئەمریکای باشوور).

America online (AOL)

ئەمریکا ئۆن لاین. گەورەترین کۆمپانیای پێشکەشکردن و، دابین کردنی خزمەتگوزاری پەیوەندییە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و، بە (AOL) ناودەبرێت و کورتکراوەکەیەتی.

**www.aol.com**

ئەم کۆمپانیایە ژمارەیەکی زۆرو، کەم وێنە خزمەتگوزاری پێشکەش بە بەکارهێنەارنی ئینتەرنێت دەکات.

America national standards institute (ARIN)

**پەیمانگەی پێوانەیی (قیاسی) نیشتمانی ئەمریکی. ئەم ڕێکخراوە لیژنەی گرفتەکانی بەکارهێنەری کۆمپیوتەرو، خاوەن کۆمپانیاکانە، وەکو: (لیژنەی فۆرتران و، لیژنەی کۆدی پێوانەیی نیشتمانی ئەمریکی و، ...).**

American registry for internet numbers (ARIN)

**بڕوانە** ARIN

American standard code For Information Interchange (ASCII)

**نەزمی کۆدی ئەمریکی پێوانەیی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، (ئاسکی)، ئەم**





**کۆدە پێوانەییە بۆ دابینکردن و دڵنیاکردنەوەی گونجاندن لە نێوان جیاوازییەکانی جۆرەکانی ئامێری چارەسەرکردنی زانیارییەکان و، ئامێری پەیوەندی بەیانی سوودی لێوەردەگیرێت.**

Amount

**بڕ، هێند.**

Ampere

**ئەمپێر، پێوەری تەوژمی کارەبا.**

Amplification

**دەنگ گەورە کردن.**

Amplifier

**ئامێری گەورەکردنی دەنگ، دەنگ گەورەکەر.**

Analog

ئەنەلۆگ، پێوانەیی، تەنازووری.

AMPS (Advanced Mobile phone service)

خزمەتگوزاری تەلەفۆنی گوێزراوە (مۆبایل)ی پێشکەوتوو.

Analog computer

کۆمپیوتەری ئەنەلۆگ

Analog device

ئامێری ئەنەلۆگ

Analog line

هێڵی ئەنەلۆگی، هێڵی پێوانەیی.

Analog Monitor

شاشەی ئەنەلۆگ.

Analog-to-digital converter (ADC)





گۆڕەری پێوانەیی (ئەنەلۆگ) بۆ ژمارەیی، ئامێرێکە کە هەڵدەسێت بە گۆڕینی ڤۆڵتیەی کارەبایی پێوانەیی بۆ نرخی ژمارەیی (دیجیتاڵی) بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێت لە بیری (زاکیرەی) چارەسەرکردنی ژمارەیی.

analyse

شی کردنەوە.

Analysis

شیکاری.

Analytical

بزوێنەری شیکاری، هەڵسورێنەری شیکاری.

Anchor

خاڵی کار.

AND, &

و، ووشەیەکە، کە بۆ گەڕان بە دووای دوو کەلیمەی نزیك لە یەکەوە سوودی لێوەردەگیرێت و ئەم ووشەیە دەبێت بە لێکدەری نێوان ئەو دوو ووشەیە، وەکو: Kurd & Kurdistan

Angle

گۆشە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری Business Angles بکە.

Animated GIF

وێنەیی (جی.ئای.ئێف)ی جوڵاو، زنجیرەیەکە لە وێنە بە شێوەی GIF، پیشاندەدرێت بە شێوەی دووا بە دووایەك لە هەمان شوێندا بۆ پێوانی جووڵە بە وێنەکان، بڕوانە GIF.





Animation

وێنەی جوڵاو، کرداری دروستکردنی وێنەیی جوڵاوە لە تەنەکانەوە بە ڕێگەی پیشاندانی خێرا بۆ زنجیرەیەك وێنە، هەموو وێنەکان گۆڕانێکی بچووك بەجێ دەهێنن لە ئەنجامدانی دروستکردنەکەداو، شێوازی بەکارهێنان لە دروستکردنی وێنەی جوڵاودا بەهۆی کۆمپیوتەرەوە دەبێت.

Annoybot

بەرنامەی بێزارکەر، ئەو بەرنامەیەیە بە شێوەیەکی خۆنەویست داغڵ دەبێت، بەتایبەت لە تۆڕی ئینتەرنێت دا.

Anonymous FTP

خزمەتگوزاری (ئێف.تی.پی) ناسنامە نادیار، پرۆتۆکۆڵی گواستنەوەی فایلەکان، بە شێوەیەکی گشتی شێوازی بەکارهێنانی لە ئینتەرنێت دا دەبێت، لە بەکارهێنانی پەیوەندی بە ئامێری کۆمپیوتەری دوورەوە.

ANSI

پەیمانگەی نیشتمانی ئەمریکی بۆ پێوانە کردنی پێوانەکان، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە American National standard ( Institute)

www.ansi.org

Antispam technology

تەکنەلۆژیای دژە جاسوسی، ئەم تەکنەلۆژیایە بەرنامەی وەکو دژە ڤایرۆس





وەهایە دژی ئەو فایل و نێردراوانەی کە بۆ مەبەستی جاسوسی بەکارهاتوون.

Anti-virus program/software

بەرنامەی دژە ڤایرۆس، بەرنامەیەکە گرنگیەکەی لەوەدایە کە بە دووای ڤایرۆسدا دەگەڕێت لە ئامێری کۆمپیوتەرداو، پاشان تێکی دەشکێنێ پێش ئەوەی بتوانێت کاربکات لەسەر فایل و زانیاریەکان و زیانیان پێ بگەیەنێت.

AOL (American on Line)

ئەمریکای ڕاستەوخۆ، کۆمپانیای ئینتەرنێت، ئەم کۆمپانیایە لە ڤێرجینیا دامەزراوە لە ساڵی ١٩٨٥ و، ئەم کۆمپانیایە Netscape و sun ی بە بڕی ٤ ملیۆن دۆلار کڕی و، هاوکات ئیمەیڵ بۆ

بەكارهێنەران دابین دەكات بە شێوەی @aol.com ناو

**hemnbarznji@aol.com**

Aoler

**بڕوانە (ئەی.ئۆ.ئێڵ).**

Apache

**دانان و دامەزراندنی بەرنامەی ئەپاچ**

**www.apache.org**

API (Application programming Interface)

**ڕووی بەرنامە سازی جێبەجێكاری.**

APNI

**ناوەندی زانیاری تۆڕی ئاسیا .**

Apple

**بەرنامەی بچووك، جێبەجێكاری بچووك.**

Apple Computer Corporation





**كۆمپانیای كۆمپیوتەری ئەپڵ، ئەم كۆمپانیایە دروستكراوە لە ساڵی ١٩٧٥و، تا ئێستا پەرەی بە كۆمپیوتەر داوەو زنجیرەیەك كۆمپیوتەری كەسی خستۆتە بازاڕاوە.**

Apple , Apple BBC (Bulletin Board system software)

**بۆ بەكاربەرانی كۆمپیوتەری ماكنتۆشە، بڕوانە** BBC.

Applet

**كورتكراوەی** (Application) **ە و بەرنامەو سۆفتویێرە بۆ كاری بچووك .**

Application

**جێبەجێكردن، بەرنامەی جێبەجێكردن، نەزمێكی تایبەتییە. یان جێبەجێكردنی**

چارەسەرکردن بەهۆی کۆمپیوتەرەوە، وەکو: ژمێریاری، یان چاککردن و چارەسەری مووچە، داواکاری، ...)، هەروەها بەرنامەکانی جێبەجێکردنی وەکو: (FTP, E-Mail, Client, Gopher, Telnet, …).

Application, business

جێبەجێکردنی بازرگانی.

Application, computer

جێبەجێکردن لەسەر کۆمپیوتەر.

Application File

فایلی جێبەجێکردن .

Application layer

چینی جێبەجێکردن.

Application program





بەرنامەی جێبەجێکاری.

Application programmer

بەرنامەسازی جێبەجێکار، کەسێکە هەڵدەسێت بە نووسینی بەرنامە بۆ چارەسەرکردنی بواری تایبەت بە جێبەجێکردنی جیاواز.

Application programming Interface

سەیری (API) بکە.

Application system

نەزمی جێبەجێکاری، نەزمی جێبەجێکردن

Application window

پەنجەرەی جێبەجێکردن.

Approach

ڕێگە، هۆی گەیاندن بە مەبەست و ئامانجی دیاریکراو.

Archie (Archive center)

خزمەتگوزاری Archie، خزمەتگوزاری بنکەی زانیارییە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە مەبەست لێی دابینکردنی ئامڕازی گەڕانە بە دوای فایلەکاندا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

Archive

هەڵگیراوەکان، خەزنکراوەکان، خەزن، شوێنێکە یان ناوەندێکی هەڵگرتن و پاراستنی زانیارییە، گواستنەوەی زانیارییە لە ناوەندی هەڵگرتن وپاراستنی چالاکەوە بۆلای هەڵگیراوەکان.

Archive File

فایلی ئەرشیف.

Archive site





سایتی ئەرشیفی، ماڵپەرێکە لەناو تۆڕی ئینتەرنێت دا کە فایل و بابەتی هەمەڕەنگی تێدا هەڵگیرا بێت و خەزن کرابێت، و توانای گەیاندنیانی هەیە بەهۆی FIF و، یان گەڕان بەهۆی نەزمی Gropher–وە.

Area

ڕووبەری بیر.

Area chart

هێڵکاری ڕووبەری.

Area graph

وێنەیی بەیانی ڕووبەریی.

Area, Input

ناوچەی داغڵکردن.

Area, Input/output

**ناوچەی داغڵکردن و دەرهێنانەوەی زانیاری.**

Area search

**گەڕانی ناوچەیی (ڕووبەری).**

Area, storage

**ڕووبەری خەزنکردن، ناوچەی هەڵگرتن و پاراستن.**

Area, temporary storage

**ناوچەی خەزنکردنی کاتی، ڕووبەری خەزنکردنی کاتی.**

Area, user

**ڕووبەری بەکارهێنەر، ناوچەی بەکارهێنەر**

ARIN (American Registry For Internet Numbers)

**تۆمارکردنی (تۆمارخانەی) ئەمریکی بۆ ژمارەکانی ئینتەرنێت، بۆ بەڕێوەبردن و**





**تۆمارکردنی ناونیشانەکان (IP) سوودی لێوەردەگیرێت.**

**www.arin.net**

.arj

**بەرنامەیەکی ئەرشیفی یەو، داهێنراوە لەلایەن ڕۆبێرت جانگ (Robert Jung).**

ARP (Address Resolution Protocol)

**پرۆتۆکۆلی دیقەی ناونیشان.**

ARPA (Advanced Research Project Agency)

**تۆڕی ئاژانسی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو.**

ARPANET (Advanced Research Project Agency Network)

تۆڕی (ARPANET)، تۆڕێکی پەیوەندی فراوانە لەلایەن وەکالەتی پرۆژەکانی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکی، کە وەکو هۆیەکی پێکەوە بەستنی زانکۆکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و لێکۆڵینەوە بە ئاسانی سوودی لێوەردەگیراو، ئەم تۆڕە پەرەی سەندوو بەرەو پێش براو بووە تۆڕێکی جیهانی.

Arrow keys

کلیلە سەهمەکان، دووگمە سەهمەکان، کۆمەڵێکن کە لە چوار کلیلی (دوگمەی) جیگیردا خۆیان دەبیننەوە لەسەر ڕووی تەختە کلیلەکە (کیبۆرد) و، بەکاردێت بۆ





جولانی هێمای ماوسەکە یان گواستنەوەی بەشی چالاك بۆ بەشێکی تر، یان ... .

Arrow pointer

هێمای سەهمی ماوس، سەهمێکی بچووکە لەسەر ڕووی شاشەکەو دەتوانرێت بجوڵێنرێت بەهۆی ماوسەکەوە.

Article

وتار، پەیامێکە لە ناو کۆمەڵە هەواڵیەکاندا دەردەکەوێت لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا.

Artificial intelligence

زیرەکی دەستکرد، توانای کۆمپیوتەر لەسەر نواندنی و پیشاندانی هەندێك کار.

Artificial language

زمانی دەستکرد.

Artificial reality

**ڕاستی ڕووکەش.**

As

**بڕوانە** (Autonomous system)

ASCII (American standard code For Information Inter change)

**نەزمی کۆدی پێوانەیی ئەمریکی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری یەکان و، بەکارهێنانی بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان لە نێوان نەزمی چارەسەرکردنی زانیارییەکان و نەزمی پەیوەندییەکان.**

ASCII File

**فایلی ئاسکی.**

ASCII text File

**فایلی دەقی ئاسکی .**

ASI





**پەیمانگەی خوێندنی باڵا، بەرنامەی پەیمانگەی خوێندنی پێشکەوتووی ناتۆ.**

Asia pacific Network Information center

**بڕوانە** APNIC.

ASK Jeeves

**یەکێکە لە بگەڕە (سێرچە) بەناوبانگەکانی دنیای ئینتەرنێت و بە شێوەیەکی گشتی سوودی باشی لێوەردەگیرێت و یەکێك لەو شێوانەی لەگەڵ ئەم سێرچەدا بەکاردێت شێوازی پرسیارکردنە، کە ئەویش لە چەند لیستێکدا وەڵام دەداتەوە، ئەم ماڵپەرە لە ساڵی ١٩٩٦ لە کالیفۆرنیا لە لایەن (**David warthen, Garrett Gruener**) داهێنراو، لە ساڵی ١٩٩٧**

**یەکەمین وێب سایت بە ناونیشانی www.askJeeves.com دەستی بە کارکردن و، لە ساڵی ١٩٩٨ یشدا ماڵپەری www.ajkids.com کە ئەمەیان تایبەتە بە منداڵان.**

**ناونیشانی ماڵپەری ئاسك بەم جۆرەیە.**

**www.ask.com**

ASP (Active server page)

**لاپەڕەی خزمەتگوزاری ئەلکترۆنی چالاك، لاپەڕەی تۆڕی ئینتەرنێت** (Web page) **دروست دەکرێت بەهۆی خزمەتگوزاری تۆڕی ئینتەرنێتەوە** (web server).

ASP (Application service provider)





**دابینکەری خزمەتی جێبەجێکردن، بەرنامەی** ASP**، کۆمپانیای** ASP.

Asynchronous Transfer Mode

**سەیری** ATM **بکە.**

at

**سەیری** @ **بکە.**

ATM

**شێوەی گواستنەوەی ناڕێك، ئامێری ئاڵوگۆڕی خۆیی، ئەدۆب تایپ مانجەر، بەرنامەیەکی خزمەتگوزاریەو گرنگیەکەی پیشاندانی هێڵە گەورەکانە لەسەر کۆمپیوتەری ماکنتۆش بێ تێکچوون.**

Attach

**پێوە بەستن، گرێدان پێوەی، پێوەنووسان، پێوەلکان.هاوپێچ.**

Attachment, Attached File

**فایلێك یان چەند فایلێکە کە بتەوێت بەهۆی ئیمەیلەوە بینێریت بە شێوەی هاوپێچ، کە فایلەکە وەکو خۆیی و بە ساغی و تەواوی بەو کەسە دەگات کە بۆی دەنێریت و، ئەویش دەبێت داونلۆدی بکات و بیکاتەوە یان هەڵی بگرێت (سەیڤ)، وە دەشتوانرێت پیشانی بدات** preview **بەڵام لە هەندێك باردا گرفتی بۆ دەسازێ.**

.au

**فایلی دەنگی بۆ سیستەمەکانی یونیکس** Unix.

Au Arithmetic Unit

**یەکەی حسابی.**



فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات

Audio

**بیستنی، دەنگی.**

Audio board

**کارتی دەنگ.**

Audio device

**ئامێری دەنگی، بیستنی.**

Audio output

**دەنگدەر، دەرهێنانی دەنگ.**

Audio Video Inter leaved

**ئاڵوگۆڕی دەنگی–ڕووناکی، بڕوانە** AVI

AUP (acceptable use policy)

**سیاسەتی بەکارهێنانی پەسەند، کۆمەڵێك یاسایە کە وەسفی چۆنێتی توانینی نووسینی بەکارهێنەر دەکات، یان کاری لەسەر ئینتەرنێت.**

Authentication

تەرخانکردن، سەر پشك کردن، متمانە پێکردن .

Authoring

نووسین، دانان، پێکهێنان، کرداری دروستکردنی و جێبەجێکردنی مۆڵتیمیدیایە لە ڕێگەی لێکدانی وێنەو دەنگ و ڤیدیۆوە.

Authoring language

زمانی دانان و پێکهێنان.

Authoring system

نەزمی دانان و پێکهێنان.

Authoring, web authoring

داهێنانی لاپەڕەی وێب بە سوود وەرگرتن لە کۆدی HTML یان هەر کۆدێکی دیکە،





زاراوەی authoring نەخشەسازی و نووسین و دانان و پێکهێنان.

Auto-answer

وەڵامدانەوەی خۆیی.

Auto cad

وێنە، یان نەخشەسازی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە.

Auto correct

ڕاستکردنەوەی خۆیی.

Auto-dial

داواکاری تەلەفۆنی خۆیی.

Auto key

کلیلی خودکار، کلیلی خۆیی.

Automatic

ئۆتۆماتیکی، خودکار، خۆکار، ئامێرکار.

Automatic carriage

گوێزەرەوەی خۆکار .

Automatic check

پشکنینی خۆیی، پشکنینی خۆکار.

Automatic code

کۆدی خۆکار، کۆدی ئۆتۆماتیکی.

Automatic control

دەست بە سەرداگرتنی ئۆتۆماتیکی.

Automatic data processing system

نەزمی چارەسەرکردنی زانیاریەکان بە شێوەیەکی خۆکار.

Automatic dictionary

فەرهەنگی ئۆتۆماتیکی.

Automatic Message

پەیامی ئۆتۆماتیکی، نامەی ئۆتۆماتیکی.

Automatic switchover





گۆڕەری ئۆتۆماتیکی.

Automation

مرۆڤی ئالی.

Auto monitor

چاودێریکەری خۆکار، چاودێریکەری خۆیی.

Auto play

ئیشپێکردنی خۆیی، کارپێکردنی خۆکار.

Auto restart

دووبارە کارپێکردنەوەی خۆیی.

Auto-response mailbox, auto responder, auto-response

لە نەزمی نامەی ئەلکترۆنیدا، وەڵامی خۆییە بەشێوەی نامەی ئەلکترۆنی بۆ نامەی هاتوو.

Auto saves

**سەیڤکردنی خۆکار، هەڵگرتن و پاراستنی خۆیی.**

Auto sizing

**حەجمی خۆیی.**

A/UX

**نەزمی کارپێکردنی ئەی/یوئێکس.**

Avator

**وێنەی تەشکیلی.**

Average access time

**کاتی گەیاندنی ناوەندی.**

.avi, AVI (Audio/Video Interleaved, audio/Visual Interface)

**یەکێك لە ڕێکخستنەکان وفۆڕماتەکانی مایکرۆسۆفتە کە گونجاوە بۆ سەیڤکردن و**





**هەڵگرتن و پاراستنی گرتەی دیجیتاڵی ڤیدیۆیی کە دیقەو چاکێتی بەرزی دەنگ و ڕەنگ، و ئەم فایلانە دەتوانرێت بەرنامەکانی وێنەگیری ولاپەڕەی وێب دا، دابنرێت.**

AVL tree

**درەختی گەڕان یان پشکنینی زانیاریەکان.**

AWK

**زمانی بەرنامە سازی.**

AZERTY

**تەختە کلیلی (کیبۆردی)** AZERTY.

# B

B, b

دووەم پیتی (تیپی) زمانی ئینگلیزییەو بە (بی) دەخوێندرێتەوەو، کورتکراوەیە بۆ باینەری بت و باوند و بایت و ... .

$B_2B$

پەیوەندییە لە نێوان کۆمپانیاکانی بازرگانیداو، ئەم پەیوەندییە بە هۆی ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبێت.

B2C





پەیوەندی نێوان کۆمپانیای بازرگانی بە بەکارهێنەرانەوە، پەیوەندی نێوان کۆمپانیاکان و، بەکاربەران لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبێت.

B2E

پەیوەندی کۆمپانیای بازرگانی بە کارمەندەوە.

Back button

دوگمەی بەرەو دوواوە، بۆ دوواوە، بە کلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە بەشی چالاك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشەی کە پێشتر چالاك بووە.

Back bone network

تۆڕی بنچینەیی.

Back bone ring

**زنجیرەی بنچینەیی، تۆڕێکی بنچینەیی خێرایی بەرزەو گرنگیەکەی لەوەدایە چاودێری گەیاندن و پێکەوە بەستن دەکات لە نێوان ژمارەکانی تۆڕدا.**

Back door

**دەرگەی پشتەوە، دەرگەی دوواوە.**

Background

**ناوچەی پشتەوە، ڕەنگ، یان وێنەو گرافیکە کە سوودی لێوەردەگیرێت و دەخرێتە پشتی نووسینەوە، یان وێنەی ئەسڵی لەسەر ڕووی لاپەڕەی ئینتەرنێت.**

Background color

**ڕەنگی پشتەوە.**

Background Image

**وێنەی پشتەوە.**



فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات

BAM

**ڕێگەی گەیاندنی بنچینەیی.**

Bandwidth

**پانای باند، پیشاندانی سنوورو ناوچە، ماوەی تەرەدودە دابینکراوەکانە بۆ ناردنی هێماکان (سیگناڵ)، جیاوازی نێوان سەرو خواری تەرەدوودەکان لە سنوورو ناوچەدا، پێوانە دەکرێت بە ژمارەی سوڕەکان لە چرکەیەکدا یان یەکەی هێرتز. فراوانی گورزە بۆ کەناڵی پەیوەندی.**

Bank

**بانك.**

Bank, data

**بانکی زانیاریەکان**

Base

بنکە، بنچینە

Base, address

ناونیشانی بنچینەیی

Base, data

بنکەی زانیاری

Base Font

خەتی بنچینەیی

Base language

زمانی بنچینەیی.

Base Memory

بیری سەرەکی.

Banner

ئاگاداری و ڕیکلامی بازرگانییە لەسەر ڕووی ئینتەرنێت، کەبە شێوەیەکی گشتی لاکێشەی درێژەو، کەمتر چوار گۆشەییە، و زۆر کات بە شێوەی جوڵەیەو، بێ ژمارە





دووبارە دەبێتەوەو، ئەم ئەنیمەیشنانە بە زۆری 460x60 یان 120x90 پیکسڵن. نموونەی تری ئاگاداری و ڕیکلامی بازرگانی بۆ کاروباری فرۆشتنە، بڕوانە ئەم ماڵپەرانە:

**www.e-hospitality.com**
**www.sitemanager.com**

Baud

بۆد، یەکەی پێوانە کردنی خێرایی سیگناڵە، ژمارەیی هێماکانە (سیگناڵ) لە چرکەیەکدا.

یەکەم جار (جین مۆریس ئەمیل باودۆت) ی ئەندازیاری فەرەنسەوی ئەم ووشەیەی بۆ خێرایی گواستنەوەی سگناڵەکانی تەلەگراف بەکارهێنا.

Baudot code

کۆدی بوود، ئەم ناوە وەرگیراوە لە ناوی بۆدۆی ئەندازیاری فەرەنسی و، کۆدێکە بۆ ناردنی زانیاری.

Baud rate

ڕێژەیی بود، تێکڕای بود.

BBS (Bulletin Board system/service)

نەزمی تەختەی نەشرە، نەزمی تەختەی ڕاگەیاندن.

B bus

گوێزەرەوەی پێڕست، گوێزەرەوەی فەهرەست.

BCC (Blind Carbon copy)





دانەی بلایند، ناردنی وێنەیی فایلێکە بۆ کۆمەڵێك کەس لە پۆستی ئەلکترۆنیيەوە لە یەك کاتدا، بڕوانە: cc

Bean

سەیری(JavaBeans) بکە.

Beginning of Information marker (BIM)

هێمای سەرەتایی زانیارییەکان.

BEL

هێمای جەڕەس.

BER

تێکڕای هەڵەی (bit) بتەکان.

Berkeley Internet Name Domain

سەیری (BIND) بکە.

Berkeley UNIX (BSD)

نوسخەی بیرکیلی لە نەزمی UNIXدا.

Beta

تاقی کاری، ناکۆتایی، بەرنامە یان ئامێرێکی نوێیەو بەم قۆناغە دەست پێدەکات پێش ئەوەی بلاّوبکرێتەوەو بکەوێتە بەردەست بەکارهێنەر بە شێوەیەکی کۆتایی، بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینی لە بارەیەوە دەربڕدرێت و پاشان دەستکاری دەکرێت بە گوێرەی سەرنجەکان و، وێنەو شێوەی کۆتایی بلاّو دەکرێتەوە.

Beta site

ماڵپەری بێتا.

Beta software

بەرنامەی بێتا .

Beta testing





هەڵسەنگاندنی ناکۆتایی.

Beta version

نووسخەی بێتا، نەوەی بێتا.

Bible

لە زاراوەی کۆمپیوتەریدا، کتێبێکە کە تەواوی زانیارییەکانی ناوی تایبەتە.

BIM

بڕوانە ( beginning of Information marker).

Bin

خانە .

Binary

دووانی،دووانەیی ،نەزمی ژمارەییەو بەکارهێنانی ژمارە ٢وەکو بناغە وایە(بەلاّم لە نیزامی دەییدا بەکارهێنانی ژمارە ١٠

وەکو بنچینەو یاساوایە.) و نەزمی دووانی تەنها پێویستی بە دوو ژمارە هەیە کە ئەوانیش (٠و١) ــە ،بۆ نواندنی ژمارەکان.

Binary adder

کۆکەرەوەی دووانی .

Binary addition

کۆکردنەوەی دووانی .

Binary arithmetic

ژمارەی دووانی،بژاردنی دووانی .

Binary arithmetic operation

کرداری ژماردنی دووانی .

Binary bit

بتی دووانی .

Binary code

کۆدی دووانی .

Binary code digit



فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات

ژمارەی نوێنەریی دووانی .

Binary digit (bit)

ژمارەی دووانی .لەوانەیە سفر یان یەك بێت و،ئەم ژمارەیە بەکاردێت لە نەزمی ژماردنی دووانی دا.

Binary file

فایلی دووانی .

Binary file transfer

گواستنەوەی فایلە دووانییەکان .

Binary half adder

کۆکەرەوەی دووانی نیوەیی.

Binary image

وێنەیی دووانی .

Binary logic

مەنتقی نەزمی دووانی .

Binary number

ژمارەیی دووانی .

Binary point

خاڵی دووانی .

Binary search

گەرانی دووانی .

Binary tree

درەختی دووانی.

Binary unit

یەکەی دووانی، ژمارەیی دووانی .

Bind

گرێدان .

Bind Hex (binary Hexa decimal)

جێبەجێکردنی بایندهێکس ،گۆڕینی فایلی زانیارییە دووانییەکانە بۆ دەق،بەبەکارهێنانی هێماکانی ئەی .ئێس .ئای .یان دووبارەکردنەوەی دەقی.





نووسراو بەهێمای ئەی.ئێس.سی.ئای.ئای. بۆ شێوەو داڕشتنی دووانی بەبەکارهێنانی جێبەجێکردنی بینهێکس.

ABIOS (Basic Input/Output System)

نەزمی داغڵکردن/چونەدەرەوەی بنچینەیی

BIS (Business Information System)

نەزمی زانیارییە بازرگانییەکان.

Bit

ژمارەی‌دووانی،بت،ترپە،لێدان،هێما،کورتک راوەیە بۆ ژمارەکانی دووانی کە (٠و١) ە،و بچوکترین یەکەیە.

Bit, 32

٣٢بت.

Bite

**کۆمەڵێك یان زنجیرەیەك بت.**

Bit error rate

**تێکڕایی هەڵەی بتەکان.**

Bit map, bitmap

**نەخشەی بت.**

Bitmap file

**فایلی نەخشەیبت.فۆڕماتی تەسویرەکەبە (بی.ئێم.پی)ناسراوە.**

Bit measurement

**یەکەکانی بت،یەکەی پێوانەکردنی بت:**

1 kilobit=1024 bits
1 kilobit per second = 1000 bits per second
1 MB (Megabit)=1000Kb / 1048576 bit



فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات

1 MbPs(megabit per second)=1 Megabit per second
1000000bit per second

Byte measurement

**بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە یەکە پێوانەییەکانی بایت – یش بخوێنەرەوە:**

1 Kb (kilobyte)=1000 bytes
1 KbPs(kilobyte per second)=1000 bytes per second
1 Mb (megabyte)=1000 kilobytes
1MbPs (megabyte per second)

1 Gb (Gigabyte) =1000Megabytes
1Gbps (Gigabyte per second)

1 Tb (Terabyte)=1000 Gigabytes
1 TbPs (Terabyte per second)
1 Pb (Petabyte)=1000 Terabytes
1 PbPs (Pet byte per second)

Bit-newsgroup

**کۆمەڵەی هەواڵی جۆری بت.**

Bit pattern

**جۆر،یان شێوەی ژمارەیی دووانی .**

Bit rate

**تێکڕایی بتەکان.**

Bit serial

**زنجیرەی بتەکان.**

Bits per inch (BPI)

**بت بە ئینچ.**

Bits per second (BPS)





**بت بە چرکە.**

Biz newsgroup

**کۆمەڵەی هەواڵی لە جۆری (بی ئای زێت) ،یەکێکە لە بەشەبنچینەییەکانی داڕشتەو پێکهاتەی کۆمەڵەی هەواڵی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا،تایبەتە بە گفتوگۆ لەبارەی بابەتە پەیوەندیدارەکانی کارکردن و .....،بە ناردنی ڕاگەیاندن و بابەت بەشێوەی وتاری هەواڵی .**

Blind

**نەهێشتن .**

Blind copy receipt, blind carbon copy (BCC)

**نوسخەی کوێر.لەنامەی ئەلەکترۆنیدا ،جۆرێکە لە ناردنی وێنەیی بابەتێك یان**

**شتێك بەنامەی ئەلەکترۆنی بۆ چەند کەسێك لە یەککاتدا.بڕووانە (بیسی سی).**

Blind courtesy copy

**بڕووانە (بی سی سی).**

Block, analysis

**بارستەی شیکاری .**

Block character check (BCC)

**پیاچوونەوەو وردبینی هێمای بارستە.**

Blue-ribbon program

**بەرنامەی بەرزکەرەوەی ئاست.**

Board

**لەوحە،تەختە.**

Board, control

**لەوحەی دەست بەسەرداگرتن.**

BOL





**کۆمپانیایەکی ناسراوی دوونیای ئینتەرنێتەو ، تایبەتە بە فرۆشتنی کتێب و مۆزیك و دیاری و ....،بە فرۆشەری ئەو بووارانە دادەنرێت.**

Bookmark, Favorite, hot list

**هێمای سەرچاوە،پەرتووك نیشانەکەر، هێمای ڕوونکردنەوەو،نیشانەکردنە لە شوێنێکی دیاری کراوی دۆکۆمێنتێکدا بۆ بەکارهێنەر بۆ ئەوەی بچێتەوە هەمان شوێن ،یان ماڵپەڕی ئینتەرنێت وەکو تۆمارکردنی ماڵپەرەکە لە لیستی حەزو هیوایەتدا ،تا بەئاسانی و بەخێرایی بیدۆزیتەوە.**

Bookmark file

فایلی هێمای سەرچاوە،فایلێکی تایبەتە بە ناونیشانە خوازراوەکانی ئینتەرنێت بۆ ئاسانی بەکارهێنان.

Bookmarking

کرداری ریزبەندی و،تۆمارکردنی ئەو ماڵپەڕانەیە کە گرنگن بە لامانەوەو ،پێویستمانن لەبەردەستدابن و،بە ئاسانی دەست بکەون و،لە بەردەستدابن .

Book message

پەیامی پەرتووکی .

Boolean

بولینی .بوولینی دەگەڕێتەوە بۆ لای زانای بیرکاری بەریتانی جۆرج بوول (١٨١٥-١٨٦٤) ،بارەکانی یاسایی جەبری بوولی





تایبەتە بەیاساکانی مەنتقی هێمایی ومامەڵەکردنی مەنتقی .

Boolean logic

یاسایی مەنتقی بوولینی .

Boolean operation

کرداری بوولینی ،کرداری مەنتقی یان بیرکاری یە بەگوێرەی یاسایی جەبری بوولینی .

Boolean operation, dyadic

کرداری بوولینی دووانی ، یان جووت.

Boolean operation table

خشتەی کرداری بوولینیانە .

Boolean operator

ئیشکەری بوولینی . وشە یان نیشانەیەکە یارمەتی بەکارهێنەر دەدات تا وردترو

باشتر بگەڕێت و سێرچ بکات ،ناسراوترین وشەو نیشانەکانیش ئەمانەن : (or-and-not).

Boolean search

**گەرانی بوولینی .گەران لە ناو فایلە دیاریکراوەکانی بنکەی زانیاریدا بەبەکارهێنانی ئیشکەری بوولینی .**

Boot

**دەستپێکردنی ئیش.**

BOP

**پرۆتۆکۆل.یاسای ناردنی زانیارییەکان.پشت دەبەستێت بە ژمارە دووانییەکان.**

Border

**سنوور.**





BOS

**نەزمی ئیشپێکردنی بنچینەیی .**

BOT

**یەکەم شریت،سەرەتایی شریت.**

Bot

**کورتکراوەی وشەی روبوتە.**

Bottleneck

**خەفە،تاساو،خنکاو.**

Bounce, bounce message, bounced mail

**گەرانەوە،هەڵگەرانەوە،گەڕانەوەی نامەی ئەلەکترۆنییە بۆ نێرەرەکەیی.**

Bounce key

**کلیلی گەرانەوە.**

Bound

ئاست،سنوور،ئاستی بەرز یان نزم بۆ نرخێکی دیاری کراو.

Boundary page

سنووری لاپەڕە.

Boundary protection

پارێزەری سنوور،سنووری پارێزەر .

Bounding box

سندوقی تەحدید.

BPI

بت لە ئینجێکدا،بایت لە ئینجێکدا.

BPS

دووانی لە چرکەیەکدا.

Bps (bits per second)

بت لە چرکەیەکدا خێرایی گواستنەوەی شەپۆل و مۆدێم و داونلۆد پیشاندەدات لە





چرکەیەکدا ،کە بەچەند شێوەیەکی جیاوازە وەکو:

1000 Bps
100 00 00 KbPs
300,600,1200,2400,…..Kps
128KbPs
256 KbPs
512 KbPs

BRI

ڕووی تێکڕایی بنچینەیی .

Broadband

بوار فراوان.چێوەفراوان.سنوور فراوان.

Browse

خستنە ڕوو . پیشاندان.بینین و پیشاندانی پێکهاتەی فایلە لە سەر ڕووی شاشە .

Browser

پیشاندەر.هەڵدەرەوە.بگەر.بەرنامەیەکە بە سود وەرگرتن لە پرۆتۆکۆلی (ئێچ.تی .تی .پی) هەڵدەستێت بەگەران و سێرچ ،ئەنجامدانی لە ڕێگەی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتەوەو بۆ بەکار بەران زانیاری دەستەبەر دەکات.

Browser box

سندوقی پیشاندان.

Browser war





گوزارشتە لە جەنگی بازرگانی نێوان نێتسکەیپ و مایکرۆسۆفت بۆ کۆنترۆڵ کردن و دەست بە سەردا گرتنی بازاڕدا.

BTAM

شێوازی بنچینەیی بۆ گەیاندنی پەیوەندیەکان لە دوور.

BTL

هێمای سەرەتایی شریت.

Bug

هەڵە. گیروگرفتی میکانیکی، کارەبایی، ئەلکترۆنی لە ئامێری کۆمپیوتەردا. هەڵەو گیروگرفت لە بەرنامەی کۆمپیوتەردا.

کلیلی تەلەگرافی خێرایی بەرز.

Bulletin board system (BBS)

نەزمی تەختەی ئاگاداریەکان

Bullet symbol

نوقتە، خاڵ. هێمایەکە کە لە دوایی دێڕی نووسینەوە دادەنرێت لە کۆتاییدا.

Bureau, service

ناوەندی خزمەتگوزاری .

Bus

هێڵی دابەش کردن، گوێزەرەوە. کەناڵێکە یان بوارێکە، ڕاڕەوێکە بۆ گواستنەوەی زانیاریەکان و هێما کارەبابییەکان.

Bus, address

گوێزەرەوەی ناونیشان.

Bus board

بۆردی گوێزەرەوە.

Business 2.0

گۆڤارێکی بڵاوکراوەیە لە ئۆگەستی ١٩٩٨ کە یەکێکە لە گۆڤارە ناسراوەکان.





www.business2.com

Business to business

بڕوانە $B_2B$.

Business to consumer

بڕوانە B2C.

Business to employee

بڕوانە B2E.

Buzz

زەنگ بۆ لێدان، تەلەفۆن بۆ کردن.

Byte

بایت، کۆمەڵێك ژمارەیی دووانی.

Bit measurement, byte measurement

بۆ یەکەی پێوانەی Bit و Byte بڕوانە پێشتر.

# C

C, c

**سێهەم پیتی زمانی ئینگلیزییەو، بە (سی) گۆ دەکرێت.**

C

**زمانی بەرنامە نووسی C. زمانێکی بەرنامە نووسی ئاست بەرزەو، ئاسانە لە بەکارهێنانداو پەرەی پێدراوە لە لایەنی تاقیگەکانی (بیڵ) لە ئەمریکاو، لە ساڵەکانی ١٩٧٠ دا داهێنرا.**

C++





**زمانی بەرنامە سازی C+ + . زمانێکی بەرنامە نووسی باڵایەو لەسەر زمانی پێش خۆی بنیات نراوە.**

Cable, TV

**تی ڤی کێبڵ.**

**نەزمێکە بۆ گواستنەوەی صوڕە (وێنە).**

**بۆ ئامێری تەلەفزیۆنی پەیوەند بە وێستگەی بەرامبەر بۆ وەرگرتنی تی ڤی وایەر، واتە گواستنەوەی پەخشی بەرنامە لە نێوان کۆمپانیایەك و ئامێری تەلەفزیۆنی شوێنەکاندا.**

CACD

**نەخشەسازی سووڕەکانی کارەبا بە کۆمپیوتەر.**

Cache

کاش.

Cache card

کارتی بیری شاردراوە.

CAD (computer Aided Design)

نەخشەسازی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە. بەرنامەی کۆمپیوتەری بۆ نەخشەسازی شێوەکان بەشێوەی دوو دووری 2D، وە سێ دووری 3D، یان نەخشەسازی ئەندازیاری، ناسراوترین بەرنامەش AutoCAD – ە.

CAD/CAM

کاد/ کام.

CADMAT

کاد مات. نەخشەسازی و دروست کردن و هەڵسەنگاندن بەهۆی کۆمپیوتەرەوە.





CAI

فێربوون بەهۆی کۆمپیوتەرەوە.

CAI Programming Language

زمانی بەرنامە نووسی تایبەت بە وانە بێژی بەهۆی ئامێری کۆمپیوتەرەوە.

Calculator

ژمێرەر، ئامێری ژماردن، حاسیبە، ژمێرەری دەستی.

Calendar program

بەرنامەی ڕۆژ ژمێر، رۆژ ژمێر، لەسەر شێوەی ڕۆژ ژمێری ئەلکترۆنی بەکاردێت بە شێوەیەکی گشتی و، بۆ دیاریکردنی وادەو بەڵێن.

Cambridge ring

**هەڵقەی کامبریج. تۆڕێکی ناوچەیی پێوانەییە بەکاردێت لە گرێدان و پێکبەستنی کۆمپیوتەرەکان پێکەوە.**

CAN

**هێمای پاشگەزبوونەوە لە فەرمان.**

Cancel

**پاشگەزبوونەوە لە کارێك، وەستانی چالاکی، سڕینەوەی هێما،** ... .

Capacity, register

**ماوەو فراوانی تۆمارکردن.**

Capacity, system

**فراوانی و ماوەی نەزم.**

Caption

**ناونیشان (فایل/ بەش یان** ... ).

Carbon copy

**نوسخەیەکی کاربۆنن بڕوانە** Cc.





Carbon ribbon

**وەرەقی کاربۆنی .**

Card, CPU

**کارتی یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی.**

Card, logic

**کارت مەنتیقی.**

Carrier

**گوێزەرەوە، هەڵگر.**

Carrier system

**نەزمی گوێزەرەوە، نەزمی هەڵگر.**

CAS

**هێما هەڵبژاردنی ناونیشانی ستوون.**

Cascade

**وەڵامی هەنگاو بە هەنگاو لە کۆمەڵەی هەواڵی یەوە.**

Cascading style sheet (CSS)

ڕێگەی دیاریکردن و دامەزراندنی شێوەی خەت و، شێوازو، ڕەنگ و، نەخشەیی بەرنامەی تایبەت، نەناساندن یان تایبەتمەندی، (فایلی دەقەکان) دوای ئەوە بەکارهێنانی بۆ ڕێك کردن و بۆ ڕێکخستنی دەق لە لاپەڕەی ئینتەرنێتدا.

CASE

ئەندازیاری نەزم بە یارمەتی کۆمپیوتەر

Case, test

باری تاقیکاری، حاڵەتی پشکنین، باری تاقیکردنەوە

Category

چین، یان فیئە. پۆلێن کردنی کۆمەڵەی مەنتقی .

Category, display





فیئەی پیشاندان.

CC

کورتکراوەی ووشەی (Carbon Copy– Courtesy Copy) یەو، مەبەست لەناردنی پەیام و نامەکانە بۆ کەسانی بەرامبەر کە وێنەیەك و نوسخەیەکی پێدەگات و، بۆ چەند کەسی بنێری بە هەمان شێوەیە.

CCITT

لیژنەی ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی بۆ تەلەفۆن و بروسکە (تریشقە)، ڕێکخراوێکی دامەزراوە لە جنێف وەکو بەشێکی یەکێتی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

CCP (communication control program)
IP number (Internet protocol number)

ژمارەی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت.

Ipng

نەوەی دووایی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت.

IPV6

نەوەی شەشی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت.

ڤێرژنی ٦ی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت.





www.ipv6.com

IRC

خزمەتگوزاری گفتووگۆیە لە نێوان کەسە جیاوازەکانی بەکارهێنەری چات دا لە کاتێکی ڕاست داو،بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو،لەهەمان کاتدا.

www.irc.net
www.irchelp.net

IRL

لە ژیانی ڕاستەقینەدا.ئەم گوزارشتە بەکار دێت لە پەیامەکانی ئینتەرنێتدا بۆ ئاماژە دان بە ڕووداو لە جیهانی دەرەوەی کۆمەڵگەی ئینتەرنێتدا.

IS

خزمەتگوزاری زانیاری.

ISC

یەکێتی بەرنامەکانی ئینتەرنێت.

ISDN

تۆڕی ژمارەیی بۆ خزمەتگوزاری تەواو . تۆڕی پەیوەندی ژمارەیی فراوانی سەرەتاییە لە خزمەتگوزاری تەلەفۆندا.

IS-IS

نەزمی ناوەندی بۆ نەزمی ناوەندی.

ISO

ڕێکخراوی ستانداردی جیهانی.

ISOC

بڕوانە کۆمەڵگەی ئینتەرنێت.

ISP

دابینکەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت. دامە—زراوە یەکە،هەڵدەستێت بە دابینکردنی خزمەتگوزاری گەیاندنی تۆڕ بۆ کەسەکان





و ڕێکخراوەکان و ناوەندەکانی تر.

IT (information Technology)

تەکنەلۆژیای زانیاری.

Italic

لار.

I-Time

کاتی فێرکردن.

ITU

یەکێتی جیهانی بۆ پەیوەندییەکان . بریکا—ری پەیوەندییە جیهانییەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان.

www.itu.org

# J

J, j

پیتی دەهەمی زمانی ئینگلیزییەو ،لە ڕیز بەندیدا بەکاردێت و،کورتکراوەی هەندێك وشەشە.

Janet

تۆڕی فێرکاری گرێدراو.

Jar

هێدمە.پێکدادان.شڵەقان.پێکدادانی بەهێز بۆئامێر.

Jargon

وشەی هونەری تایبەتە بە جۆرێکی دیاری





کراو لە بازرگانی،یان کار،یان پیشە،وەکو زمانی هاکەرو کراکەرو.....،کە هەموو کەس ناتوانێ بەئاسانی لێیان تێبگات .واتە زمانێکی پڕلە وشەو زاراوەی تایبەت ـییە بە پیشەیەك کە کەسانی تر بەئاسانی تێی نەگەن،جگە لە کەسانی ئەو بوارە.

Java

زمانی جاڤا.زمانێکی بەرنامەسازی بالأیە ،کە زیاتر پەرەی پێدراوە لەلایەن کۆمپانیای (سەن مایکرۆسیستەم)ـەوە،و وەکو زمانی( سی ++) وایە ،وەڵێ بچوکەو زیاتر توانای هەیە بۆ گواستنەوەو،ئاسانە بۆ بەکارهێنان .بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

www.java.sun.com

Java applets, Java application

**بەرنامەکانی جێبەجێکردنی جاڤا.**

Java database connectivity

**بڕوانە**JDBC

JavaScript

**زمانی جاڤاسکرییپت.**

JCL

**زمانی دەست بەسەرداگرتن و ڕیکخستنی تایبەت.**

JDBC

**پەیوەندی بانکی زانیاری جاڤا.پەیوەندی بنکەی زانیاری جاڤا.**

Jini

**چینی.تەکنەلۆژیای معماری سەن مایکرۆ سیستەمزە.**

www.jini.com



فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات

Jit

**لەکاتی تەواودا.**

Job

**ئیش.کار.فرمان.**

GPEG

**کۆمەڵەی باوەڕپێکراوی وێنەگیری گرێدراو (پەیوەند). پێوەرێکە بۆ دیاری کردنی ڕێگەی هەڵگرتن و پاراستنی (سەیڤ)وێنە –یی بەیانی بە شێوەیەکی پەستێنراو (یەکپارچە–تەخت) لە فایلێکدا لەسەر دیسک.**

Junk e-mail

**بڕوانە سپام.**

Juphead

**بەرنامەیە بۆ ئەنجامی گەرانەکانی دایرێك**

–تەرییەکانی بەرنامە.

Justify

**ڕێکخستنی شوێن.ڕێکخستنی شوێنیی وشەکانە بۆ چاپکردن و،پڕاو پڕ کردنی لاپەڕەی کار بە بەجێهێشتنی چێوەیەك بە بڕێکی دیاری کراو،بە گوێرەی دەقەکە.**





# K

K, k

**یانزەهەمین پیتی ئەلفبای زمانی ئینگلیز –ییەو،بە(کەی) گۆدەکرێت و،کورتکراوەی چەندان وشەیە.**

K

**ك .کیلۆ.کورتکراوەی کیلۆیە.بەشێوەیەکی گشتی بە ١٠٠٠هێما دەکرێت،بەلاّم لە بواری کۆمپیوتەر وتەکنەلۆژیای زانیاریدا بە ١٠٢٤هێمادەکرێت،بەلاّم لە زۆربەی کاتدا هەربە ١٠٠٠دەنووسرێت بەنزیککردنەوە.**

Karnaugh map

نەخشەی کارنوف.

Kb (kilobit, kilobits)

کیلۆبت.کیلۆبتەکان.

1Kb (kilobit) =1024 bits
1KbPs (kilo bit per second) = 1000 bit/s

بڕوانە بت وبایت.

Kb (kilobyte)

کیلۆبایت.

1Kb (kilobyte) = 1000 bytes
1KbPs (kilobyte per second) = 1000 bytes

Kbit

کیلۆبت.

KbPs (kilobit per second)

کیلۆبت لە چرکەیەکدا.





Kbytes

کیلۆبایت.

KC

هەزار خول.هەزار سوڕ.هەزار دەورە.

Kermit

پرۆتۆکۆڵی کرمیت.پرۆتۆکۆڵی گواستنە – وەی فایلەکان بەکاردێت لە پەیوەندی ناهاوکاتی نێوان دوو کۆمپیوتەردا.

ئەم پرۆگرامە زۆر نەرم و نیانە لەگەڵ بەرنامە گەورەکانی تایبەت بە پەیوەندی تەلە فۆنی.

Key

کلیل.ڕێبەر.کۆمەڵێك پیتە بەکاردێت وەکو ڕێبەر بۆ ناساندنی جۆری زانیاری یان شوێنی پێکهاتە.

Key board

**تەختە کلیل،کیبۆرد.ئامێرێکە بەکاردێت بۆ داغڵکردنی زانیاری بۆ کۆمپیوتەر.**

Key word

**وشەی ڕێبەر،وشەی کلیلی.**

KHz

**کیلۆ هێرتز.**

Kill

**کوشتن.وەستاندنی کردارێکە لە بەرنامەدا، یان لەنەزمی کارپێکردندا.لە بەڕێوەرایەتی و کارێگێڕی فایلدا،سڕینەوەی فایل بێ ئەوەی بتوانین بیگێڕینەوە.**

Killer app

**جێبەجێکردنی کوشتن.**

Kilo baud

**کیلۆ بۆود.یەکەی پێوانەییە بۆ چالاکی**



فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات

**گواستنەوەی کەناڵی پەیوەندی کە یەکسانە بە ٢بوود،١٠٢٤بوود.**

Kilobit

**هەزاریەکەی دووانی.کیلۆ بت.**

Kilobits per second

**کیلۆبت لە چرکەیەکدا.خێرای گواستنە –وەی زانیارییە.**

Kilobyte

**کیلۆبایت.١٠٢٤بایت.**

Kilocycle

**هەزار خول.هەزار دەورە.هەزار سوڕ.**

Kilohertz

**کیلۆهێرتز.١٠٠٠خول/چرکە.**

Kilo mega

**کیلۆ مێگا.هەزار ملیۆن.یان بلیۆن.**

Kilo mega cycle

**هەزار ملیۆن خوول.**

Knowbie

**نووبی.**

# L

L, l

پیتی دووانزەهەمی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییە.

LA

گونجێنەری هێڵ.

LAN (Local Area Network)

تۆڕی ناوچەیی .كۆمەڵێك كۆمپیوتەر و،ئامێری ترە،كە لەناوچەیەكی دیاری كراودا دانراون و،گرێدراون وبەستراون بە یەكەوە بەهۆی ئامێرو بەرنامەی پەیوەندییەوە ،بەمەش كار كردنەكان گرێدراو دەبن بەیەكترەوە بەشێوەی تۆڕ.

Latency





كاتی گەیاندن.

Latency code, minimum

كۆدی ئاستی نزم بۆ گەیاندن.

Latency, delay

كاتی ناردن.

Latency time

كاتی چاوەڕوانی.

Layer

چین.

LCD

پیشاندانی بلوری.

LDAP

پرۆتۆكۆلی گەیاندنی سادە بۆ فەهرە – ستەكان . شێوەی دیاری كردنی گەیاندنی فایلەكان وسەرچاوەكان و پۆلەكانە لە ڕێگەی تۆڕی فراوانەوە ،یان ئینتەرنێتەوە.

Lead

گەیەنەر.وایەری گەیاندنی كارەبایی.

LFU

بەکارهێنانی کەم.کەم بەکارهێنان.

LHARC

بەرنامەیLHARC

Librarian, system

کەسێکە هەڵدەستێت بە پاراستنی فایلەکان و بەرنامەکان لە ناوەندی کۆمپیو—تەر دا.

Library

کتێبخانە.کۆمەڵێك فایل و بەرنامەی بنچینەییە بۆ ئامێری کۆمپیوتەر.

Light button

دووگمەی ڕووناکی.

Light pen

قەڵەمی ڕووناکی.

Light Weight Directory Access Protocol

بڕوانە LDAP.



فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات

Link, hyper link

بڕوانە هایپەرلینك.

Linking

گەیەنراو.

Linux

لینووکس.

List box

چوارچێوەی لیست.

List, command

لیستی فرمانەکان.

List program

لیستی بەرنامەکان.

LISTSER

بەرنامەی لیست سێرڤ.

Live

ڕاستەوخۆ.

Live cam

کامیرای ڕاستەوخۆ.وێب کام.

Load

پێهەڵگرتن.کورتکراوەی هەردوو وشەی داون لۆد و ئەپلۆودە .کرداری داغڵکردنی بەرنامەیە بۆ بیری سەرەکی کۆمپیوتەر لە پێناو ئامادە کردنەکاندا بۆ چارەسەر کردن.یان داونلۆد و وەرگرتنی زانیاری و بەرنامەیە لە ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتەوە بۆ ناو کۆمپیوتەری بەکار هێنەر.

LOCAL

کورتکراوەی پێهەڵگرتنە بە گوێرەی داواکاری و پێویستی .

Local

ناوچەیی.

Local Area Network

بڕوانە :LAN

Local bus

گوێزەرەوەی ناوچەیی.

Location





ناونیشان لە بیری کۆمپیوتەردا.ناوچە یان شوێنی هەڵگرتن و پاراستن (سەیڤ) ی زانیاری یە.

Login, Log on

داغڵبوون بەهۆی ناونیشان و وشەی نهێنی یەوە .پەیوەندی کردن بە تۆڕی کۆمپیوتەرەوە یان نەزمی لەوحەی زانیاری یان بڵاوکراوە،یان ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت کە بەشداریت تێیدا هەبێت.

Log off

دەرچوون،کۆتای پێهێنان.دەرچوون لە نەزم.

LOL

پێکەنین بە دەنگی بەرز.زاراوەیەکە بەکاردێت لە خزمەتگوزاری گفتوگۆی ئینتەرنێتی (چات) دا،بۆ گوزارشت کردن لە وەڵامدانەوەی بەرامبەر دووای بیستنی نووکتەیەك ،یان ڕووداوێکی پێکەنیناوی، یان شتێك کە شایستەی پێکەنین بێت.

Lurk

خوێندنەوەی وتارەکان یان نامەو پەیامە – کانە لە کۆمەڵە هەواڵییەکاندا بە بەشدار بوون لەو ماڵپەڕە،یان بەشەدا .

Lurker

لوکر.کەسێکە کە وتارەکان ونامەو پەیامەکان لە کۆمەڵە هەواڵییەکاندا بخوێنێتەوە بە بیٚ ئەوەی سەرنج و تێبینی دابنێت.

Lycos

کۆمپانیای نۆرس ئەمریکانی کە لەساڵی ١٩٩٦ دا دامەزراوە.

www.lycos.com

Lynx

جێبەجێکردنی لینکس.بەرنامەی پیشا – ندانە بۆ تۆڕی وێب.





www.ukans.com

# M

M, m

سیانزەهەمین پیتی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییەو،کورتکراوەی زۆر وشەیە.

M (mega)

میگا.ملیۆن ١٠٠٠٠٠٠.

Mac

کۆمپیوتەری ماکنتۆش.

Mac

پرۆتۆکۆلی ما بابتەری.

Mail

بڕوانە ئیمەیلْ.

Mail bomb, Mail bombing

بۆمبی ئیمەیلْیی ئەلەکترۆنی.

Mailbot

بەرنامەی وەڵامدانەوەی بەریدی خۆییە. بەرنامەیەکەهەڵدەستێت بە وەڵامدانەوەی خۆی نامەو پەیامە ئەلەکترۆنییەکان.

Mil box

سندوقی پۆستی.

Mail filter

فلتەری مەیلْ.فلتەری پۆستی.

Mail server

بڕوانە ئیمەیلْ سێرڤەر.

Major Domo





بەرنامەی ماجەر دۆمۆ.

Mark

هێما.نیشانە.سیمبوولْ.پلە.نمرە.

Mask

ڕووپۆش.ماسك.داپۆشەر.قیناع.

Matrix

ماتریکس.یاری ماتریکس.

MB

میگابت.مێگابایت.

MbPs

میگابایت لە چرکەیەکدا.پێوانەیەکەو هێما –یە بۆ ژمارەی بتەکان.

MC

ملیۆن دەورە.ملیۆن سوڕ(خول).

Mega

میگا.ملیۆن.

Mega

میگا.یەکەی پێوانە کردنی فراوانی هەڵ – گرتن و پاراستن (سەیڤ)ی زانیارییە. ملیۆن یەکەی ژمارەیی دووانی.

Megabyte, MB

مێگا بایت.ملیۆن بایت.

Megacycle

ملیۆن دەورە لە چرکەیەدا.

Megahertz

مێگاهێرتز.

Message

نامە.پەیام.

Metacrawler

مێتا کراولەر. سێرچ و بگەڕی ناسراوی بواری گەڕانە لە دوونیای ئینتەرنێتدا و،





بەهۆیسادەی لە خۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری زانیارییەکانەوە زۆر سود مەندە.

Meta search

سێرچی فرە.فرە سێرچ.

MFS

نەزمی فایلەکانی ماکنتۆش.

Micro

مایکرۆ.

Microprocessor

مایکرۆ پرۆسێسەر .چارەسازی زانیاری قەبارە بچوك.

Microsoft

مایکرۆسۆفت.گەورە کۆمپانیای بەرهەم هێنان و دروستکردنی بەرنامەکانی کۆمپیوتەرەو،هەر لە سەرەتاوە ،تا هەنوکە

**بەردەوامیشە،ئەم کۆمپانیایە لەلایەن بیل گیتسەوە بەڕێوەدەبرێت و داشمەزراوە.**

www.microsoft.com

.Mil

**سەربازی.کورتکراوەی وشەی سەربازییەو، وەکو پاشگری ماڵپەڕە سەربازییەکان بەکار دەهێنرێت ،یان ماڵپەڕەکانی بوواری سەربازی.**

www.army.mil
www.darpa.mil
www.navy.com

MILNET

**تۆڕی پەیوەندی سەربازی.**

Minor key

**کلیلی ناوەندی.کلیلی بچوک.**

Mirror, Miror sites





**شوێنی جێگرەوە.**

Misc. Newsgroup

**کۆمەڵە هەواڵییەکانی جۆری**.Misc

MIT

**شریتی فێرکردنی بناغە(بنچینە)**

MIT (Massachusetts Institute of Technology)

**دامەزراوەی تەکنەلۆژی ماساچوست. دامە –زراوەیەکی فێرکارییە کە لە ساڵی ١٩٨١دا دامەزراوە،ئەم دامەزراوەیە بۆ فێربوون و،بەدووادا چوون لە زانست و تەکنەلۆژیادا ناوبانگی هەیەو لە پێنج زانستگە (زانکۆ) ی ئەکادیمی پێکهاتووە.**

www.mit.edu

Modem

**مۆدێم.**

Modem bank

**بانكی مۆدێم.**

Modem cable

**كابڵ مۆدێم.**

Moderator

**ڕیكخراو.ڕێكخەر.**

Monster

**مونستر. یەكێكە لە ماڵپەڕە ناسراوەكانی ببواری گەڕان لە ئینتەرنێتدا و،خزمەتگوزا –رییەكانی بە شێوەیەكی سادەو ساكار خستۆتە بەردەست بەكارهێنەران.**

www.moster.com

MOTD

**پەیامی ڕۆژ.نامەی ڕۆژ.ڕۆژانە پەیام.**

Mouse





**ماوس.ئامێرێكی ئەلەكترۆنی بچوكی گرێدراوە بە كۆمپیوتەرەوە لە ڕێگەی وایەری نەرمەوە،یان بێوایەرەو بەهۆی بلوتوس و هاوشێوەكانییەوە گرێدەدرێت.**

.mov

**فۆڕماتی تەسویری موڤییە(فلیم).**

Mozilla

**ناوی ڕاست و تەوای نێتسكەیپ ناڤیگە – یتەرە.**

www.mozila.org

MP3

**یەكەین دەزگەی فیزیكی (دیمۆندریۆ)بوو لە ئینتەرنێتدا و،ئەم كۆمپانیایە لە ساڵی ١٩٨٨دا دامەزراوەو داهێنراوە.**

www.mp3.com

MPEG

**کۆمەڵەی پسپۆڕانی وێنەی جولاٚو.**

www.mpeg.com

MPEG3

**بڕوانە:** MP3

MSN (the Microsoft network)

**یەکێکە لە ماڵپەڕە ناوازەو ،پڕخزمەت گوزارییەکان، کە تۆڕی کۆمپانیای مایکرۆ —سۆفتی گەورەو بالاٚیە لە بوواری بەرنامەو بەرنامە سازیداو،بۆ گەران و......،سودی تەوای لێوەر دەگیرێت.**

www.msn.com

MUD

**یاری ئێم.یو.دی.**

Multicast, Multicasting





**چەند قاڵبی.فرە قاڵبی.کرداری ناردنی نامەو پەیامە لەیەککاتدا بۆ زیاتر لە چەند لاو شوێن لە تۆڕی پەیوەندییەکاندا.**

Multimedia

**لێکدان وکۆکردنەوەی دەنگ و وێنەی جولاٚو و ڤیدیۆیە لە جیهانی کۆمپیوتەردا.**

Multi-user

**فرە بەکارهێنەر.چەند بەکارهێنەر.**

Multi user dungeon

**دانجن چەند بەکارهێنەر.دانجنی فرە بەکارهێنەر .**

# N

N, n

**پیتی چواردەهەمی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییە.**

Name

**ناو.**

NAP





**خاڵی پەیوەندی نیشتمانی.**

NAT

**وەرگێڕانی ناونیشانی تۆڕ.**

National center for supercomputer application

**ناوەندی نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی کۆمپیوتەری گەورە.**

National science foundation network

**تۆڕی تەئسیسی زانستی نیشتمانی.**

Navigate, navigation

**گەڕان.**

Navigator

**بگەڕ.جێبەجێکردن.کەسێك گەران ئەنجام –بدات.**

NC

کۆمپیوتەری تۆڕی.

NCP

بەرنامەی ڕێکخستن و دەست بەسەرداگرتن ی تۆڕ.

NCS

وێستگەی ڕێکخستنی تۆڕ.

NCSA

ناوەندی لێکۆڵینەوە لە زانستگەی (ئیلینویز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.ناوەندی نیشتمانی بۆ جێبەجێکر-دنی کۆمپیوتەری گەورە.

Neoplanet

نیۆپلانێت.

www.neoplanet.com

Net





تۆڕ.کورتکراوەی وشەی ئینتەرنێتە. کورت-کراوەی وشەی بەکارهێنەری تۆڕە.

.Net

پاشگرێکە بۆ ئەو ماڵپەڕانەی کە تایبەتن بە بوواری تۆڕو شەبەکەو،کورتکراوەی وشەی نێتۆرکە،کە بەمانای تۆڕدێت.

www.knewsdaily.net

NET NANY

نێت نانی.

Netiquette

ئادابی ئینتەرنێتی.

Netizen

هاوڵاتی تۆڕ. کەسی بەشداربووە لە تۆڕی پەیوەندییەکاندا ،یان تۆڕی پەیوەندی تر

و،بەتایبەت کۆنفرانس و،خزمەتگوزاری گفتوگۆ بە شێوەی بەردەوام.

Netscape

نێتسکەیپ. کۆمپانیایەکی کالیفۆڕنیاییە و،لە بوواری ئینتەرنێت دا کار دەکات و خاوەنی چەندین بەرهەم وخزمەتگوزارییە.

Netscape Navigator, Navigator

پیشاندەری نێتسکەیپ ناڤیگەیتەر.

Net TV

تەلەفزیۆنی ئینتەرنێتی.

Network

تۆڕ.بەستنەوەی بەکارهێنەرانە پێکەوە بە هۆی ئامێرو بەشەڕەقەکان و بەرنامەکانەوە ،کە بە گشتی تۆڕیی ناوچەیی و،تۆڕی ڕووبەر فراوانمان هەیە.





Network file system

نەزمی فایلی تۆڕ.

Network information center

ناوەندی زانیارییەکانی تۆڕ.

Network layer

چینی تۆڕ.

Network modem

مۆدێمی تۆڕ.

Network news

هەواڵی تۆڕ. کۆمەڵەی هەواڵ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و بەتایبەت تۆڕی Use Net

Network news transfer protocol

پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی هەواڵی تۆڕ.

Network operation system

نەزمی ئیشپێکردنی تۆڕ.

Network operation center

ناوەندی کارپێکردن و ئیشپێکردنی تۆڕ.

Network of Network

تۆڕی تۆڕ.

Network OS

نەزمی کارپێکردنی تۆڕ.

Network software

بەرنامەی تۆڕ.

Network Time Protocol

پرۆتۆکۆلی کاتی تۆڕ.

Newbie

نیوبی.

.news

هێمایە بۆ کۆمەڵەی هەواڵی.

News group, Use net

کۆمەڵەی هەواڵی.

News network transfer protocol





پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی هەواڵی تۆڕەکان.

News. Newsgroup

کۆمەڵەی هەواڵی جۆری نیوس.

News reader

خوێنەرەوەی هەواڵ.

News server

خزمەتگوزاری هەواڵی.

Next generation internet

نەوەی ئایندەی ئینتەرنێت.

NFS (Network File System)

نەزمی فایلی تۆڕ.

NIC (Network Information Center)

ناوەندی زانیاری تۆڕەکان.

Nickname

نازناو.ناوی خوازراو.بەکارهێنانی ناوێکە لە لایەن بەکارهێنەرێکەوە کە ناوی خۆی نەبێت.

NNTP (Network News Transfer Protocol)

پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی هەواڵەکانی تۆڕ.

NOC

ناوەندی کارپێکردنی تۆڕ.

Node

گرێ.

NS

نانۆ چرکە.

NT

نەزمی کارپێکردنی ویندۆزی ئێنتی.

NTP (Network Time Protocol)

پرۆتۆکۆلی کاتی تۆڕ.





Nybble

نیو بایت.

# O

O, o

پانزەهەمین پیتی زمانی ئینگلیزییە.

Offline

بە بیٚ پەیوەندی.بێپەیوەندی.

One-for-one

یەك بۆ یەك.

One-for-one translation

وەرگێڕانی یەك بۆ یەك.

On-line

ئۆنلاین.

Online newspaper

ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بە شێوەی ئۆن لاین بێگومان زۆر ڕۆژنامەو هەفتەنامەو بلأو – كراوەی ئەلەكترۆنیمان هەیە لەناو تۆڕەكانی ئینتەرنێت بەمەش بلأوكراوەكە بیٚ سنور دەبێت و دەچێتە هەموو





ولأتێكەوە و كەم مەسرەفتریشە لە ڕۆژنامەی سەر كاغەز ئەمانەش دووانن لەتایبەتمەندییە زۆرە –كانی ئەم جۆرەی ڕۆژنامە.

نیۆرك تایمز

www.nyt.com

On-line operation

كرداری پەیوەندی ڕاستەوخۆ.

Online service

خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ.

Open University

زانستگەی كراوە.زانكۆی كراوە.

Open system

نەزمی كراوە.

Opera

ئۆپێرا.

www.opera.com

Option

هەڵبژاردن.

OR

یان. بۆ پێكەوە بەستنی وشەو زاراوە و پێك هاتەكان.

ORACLE

ئۆراكڵ. نەزمە.بەرنامەیە.كۆمپانیایەكی ناسراوی كالیفۆڕنیاییە.

Orange book

پەڕتووكی پڕتەقاڵی.

.Org

پاشگری تایبەت بە ڕێكخراو،كۆمەڵەكان و كورتكراوەی وشەی ڕێكخراوە.

www.science.org
www.congress.org





OSI (Open System Internet)

ئینتەرنێت نەزمی كراوە.

# P

P, p

**شانزەهەمین پیتی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییە.**

Packet

**پاکەت. پریاسکە.**

Packet internet group

**پرۆتۆکۆلی بەستن و بە گروهکردنی ئینتەرنێت.**

Packet switching

**ئاڵو گۆڕی بەستنی زانیارییەکان. گۆڕینی گرووە.**

Page, Web page

**لاپەڕەی وێب.لاپەڕە.**

Page address

**ناونیشانی لاپەڕە.**

Page break





**کۆتای لاپەڕە.**

Page, exit

**لاپەڕەی دەرچوون.**

Page, frame

**چوارچێوەی لاپەڕە.**

Page view, page impression

**لاپەڕەنما. پیشاندەری لاپەڕە.**

Paper

**لاپەڕە.**

Password

**وشەی نهێنی .وشەی پەڕینەوە. وشەیەکە لە پیت یان پیت و ژمارە پێك دێت و،بەکار دێت بۆ داغڵبوون و،چوونە ناو ئیمەیڵەوە. یان کۆمپیوتەرەوە،یان کۆمەڵەو گروهە هەواڵییەکان ،یان ئەو ماڵپەڕانەی کە**

پێویست بە بەشداربوون دەکات و،بەم وشە نهێنییە نەبێت داغڵ نابیت.

Password archive

ئەرشیفی وشەی نهێنی.

Patagon

پاتاگۆن. پاتاگۆن لە ساڵی ١٩٩٧ دا لە بۆنس ئایرس لە ئەرژەنتین دامەزراوە.

Path

ئاراستە یان ڕێڕەوی مەنتقی.

BP=Petabyte

ملیۆن ملیار بایت.

PC-Dos

نەزمی مایکرۆسۆفت بۆ ئیش پێکردن و کارکردنی دیسکی تایبەت بە ئامێری کۆمپیوتەری بچووك.

PDA





یارمەتیدەری ژمارەی کەسی.

PDF (Portable Document Format)

شێوەو فۆڕماتی (پی.دی.ئێف) . شێوە – یەکی بەرنامەی ئەکرۆباتی کۆمپانیای ئەدۆبە بۆ کەمکردنەوەی کێشی فایلەکان و،تێکنەچوونیان لەکاتی دا بەزاندنیان لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا سودی لێوەر دەگیرێت.

PDL

زمانی وەسفکردنی لاپەڕەکان.

Perl

زمانیPerl .

Ping

پرۆتۆکۆلیPing .

PLATO

پلاتۆ.

Plot

هێڵکاری کێشان.وێنە کێشان.

Plotter

ئامڕازی وێنە.ئامێری وێنە.

Plug-in

کاری زیادە. بەرنامەیەکی بچووکەو دەخرێتە پاڵ بەرنامەو بەشی دیکە بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەو بەشەی تر کاری زیاتر بکات.

Pocket computer

کۆمپوتەری دەستی.کۆمپیوتەری بچووك.

Point

نوقتە.یان ڕووبەرێکی زۆر بچوك.

Point of presence

خاڵی ئامادە. نوقتەی ئامادە.





Point-to-point control

دەست بەسەرداگرتنی نێوان دوو خاڵ.

Point-to-point line

هێڵی نوقتە بۆ نوقتە.

Point-to-point protocol

پرۆتۆکۆلی خاڵ بۆ خاڵ.

POP

نوقتەو خاڵی ئامادە.پرۆتۆکۆلی یانەی بەرید و نامەی ئەلەکترۆنی.

POP mail

بڕوانە POP

Port

دەروازە.

Port number

ژمارەی دەرگا.

Portable Document Format

بڕوانە PDF

Portal

دەروازە.

Post

بەرید،نێردراو،نێرەر.

Posting

ناردن و پەیامی پۆستی .تۆمار کردن. نووسین.

Postmaster

سەرۆکی پۆست خانە. گەورەی بەرید.

کە سێکە لێپرسراوی چاودێری پۆستەیە.

POTS

خزمەتگوزاری تەلەفۆنی کۆنی سادە.

PPP (Point-to-point protocol)

پرۆتۆکۆل لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر . نوقتە بۆ نووقتە.





PPS

لێدان/چرکە. ترپە/چرکە.

Preview

بینین.پیشاندان.بینین پێش چاپکردن.

Print

چاپکردن.چاپ.

Printer

چاپکەر.ئامێری چاپکردن.

Program

بەرنامە.

Protocol

پرۆتۆکۆل. پەیماننامە.کارنامە.

Provider

فەراهەم کەر. دابینکەر.

Proxy

پرۆکسی.

Proxy server

پرۆکسی سێرڤەر.

PSTN (Public Switched Telephone Network)

تۆڕی گشتی سویچی تەلەفۆن.

Public

گشتی.

Public directory

پێڕستی گشتی.

Public Domain (PD)

بواری گشتی.نیتاقی گشتی.

Public key

کلیلی گشتی.

Put

نووسین.

PX





ناوەندی ئاڵوگۆڕی تایبەت.

Python

زمانیPython

# Q

Q, q

**هەڤدەهەمین پیتی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییەو بە (كیو)گۆدەكرێو ،كورت – كراوەی گەلێك وشەیە.**

Quake

**كواك.جۆرێكی یارییە.یەكێكە لە یارییەكان**

www.quake.com

Query

**پرسیار.پرسیارلێكردن.ڕاوەرگرتن.**

Quick Time

**بەرنامەی كیوك تایم.لەنەزمی ویندۆز و ماكنتۆشدا بۆ پیشاندانی وێنەیی جولاٚو وڤیدیۆی بەكاردێت و،سودی لێوەر دەگیرێ لەو بووارەدا.**

QUICKTRAN

**كویكتران.**

Quick viewers





**پیشاندانی خێرا. پیشاندانە خێراكان.**

Quiescent

**خامۆش.ناچالاك.**

Quinary

**پێنجی.پێنجینەیی.**

Quitting

**وازهێنان.وەستان.**

QWERTY keyboard

**تەختەكلیلی ئامێری چاپكەر.**

# R

R, r

پیتی هەژدەهەمی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییە.

RAM

بیری گەیاندنی هەڕەمەکی.

Real audio

ئاڵوگۆڕی دەنگی بۆ شێوەی قسەکردن وزمانی ئاسایی.

Real time

نەزمی کارپێکردن لە کاتێکی تەواودا. پەخشی زیندوو.کاتی تەواو ڕاستەقینە.

Rec. newsgroup

کۆمەڵەهەواڵییەکانی جۆری (ئاڕ.ئی.سی)

Refresh, refreshing

نوێکردنەوە.تازەکردنەوە.بووژانەوە.چالاک-کردنەوە.

Refresh button

دووگمەی تازەکردنەوە.

Refresh rate





تێکرای نوێکردنەوە.

Reload

دووبارەکردنەوەی پێهەڵگرتن.

Reload button

دووگمەی دووبارە پێهەڵگرتن.

Remote

دوور،لە دوورەوە.پەیوەندی کردن بە ئامێرەوە بەهۆی هێڵی گەیاندنەوە.

Remote access

گەیاندن لە دوورەوە.

Remote control

دەست بەسەرداگرتن لە دوورەوە.ڕێکخستن لە دوورەوە.

Request for comment

داواپێشکەشکردنی سەرنج و تێبینی.

Response

وەڵام.وەڵامدانەوە.جوابدانەوە.

Response time

کاتی وەڵام دانەوە.کاتی نێوان داواکردن و ئەنجامدانی فەرمانێکە بۆ ئەنجامی فەرمانەکە.

RF

شەپۆلی ڕادیۆیی.تەرەدودی ڕادیۆیی.

RFC

فایلێکە کەزانیاری تایبەت بە پێوانەکردن ، یان پرۆتۆکۆڵی تایبەت بە ئینتەرنێت لە خۆ دەگرێت.

RH

ناونیشانی ڕاپۆرت.

Ring, web ring, webring

ئەڵقە.ئەڵقەی وێب.

Rio

ریۆ.دەستگای DimondRio PMP300

Robot

ڕۆبۆت.مرۆڤی ئالی.

Route

کەناڵ.ڕاڕەو.ڕێڕەو.





Router

شەپۆل.

Routine

ڕۆتین.بەرنامەی لاوەکی. بەرنامەی دیاری کراو.

RSAC

کۆمەڵەی ڕاوێژکاری بۆ بەرنامەکانی کات بەسەر بردن و،سەرگەرمی.

RSA Security

کۆمپانیایەکە،کە بە زۆری لە بواری ئاسایشی دا کاردیکات.

www.rsasecurity.com

RSN

زۆر نزیك.

RT

کاتی تەواو ڕاست.

RTE

جێبەجێکردنی خۆکار(ئالی).

RTF

گونجاندن و ڕێکخستنی دەقی هونەری.

R/W

خوێندنەوە/نووسین.

RZ

گەڕانەوە بۆ سفر.

# S

S, s





پیتی نۆزدەهەمی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییەو،بە (ئێس)دەخوێندرێتەوە.

Sic. Newsgroup

کۆمەڵە هەواڵییەکانی جۆری Sic.

Scroll arrow

سەهمەکانی تێپەڕاندن.هاوتوچۆپێکردن.

Scroll bar

شریتی تێپەڕاندن و هاتوچۆ پێکردن.

Search

گەڕان.دۆزینەوە.دۆزەرەوە.بگەڕ.

Search and replace

گەڕان و لەجیاتی دانان. دۆزینەوەو لە شوێن دانان.

Search button

دووگمەی سێرچ.دووگمەی گەڕان.

Search engine

بزوێنەری گەڕان.ئامێری گەڕان.
بەرنامەیەکە کە دەگەڕێت لە وشەکانی ڕێبەریدا لە دەقدا، یان لە بنکەی زانیاریدا.
لە تۆڕی ئینتەرنێتدا ،بەرنامەیەکە،کە دەگەڕێت لە وشەکانی ڕێبەریدا لە فایلەکان و،دەقە ئامادەکانی تۆڕی جیهانیدا ،و کۆمەڵە هەواڵییەکان و......، بەشەکانی تر.

Searcher

گەڕەر.بێگومان ژمارەیەکی زۆر گەڕەری تایبەت و گشتیمان هەیە لە جیهانی ئینتەرنێتدا.

Secure electronic transaction

گۆڕینە ئەلەکترۆنییە ئاسایشییەکان.





Secure electronic transaction protocol

پرۆتۆکۆڵی گۆڕینەکانی ئەلەکترۆنی ئاسایش.

S-HTTP

پرۆتۆکۆڵی گواستنەوەی دەقی ئاسایش.

Secure server

بەرنامەی ئاسایشی.خزمەتگوزاری ئاسایشی.

Secure socket layer

چینی پێوانەیی ئاسایشی.

Security

ئاسایشی.دابینکەری ئاسایشی.

Select

هەڵبژاردن.

Serial

زنجیرە.زنجیرەیی.شتێك كە بەشێوەی دووای یەك بێت .دووابە دووا.

Serial I/O

داغڵكردن/وەرگرتنەوەی زنجیرەی خزمەت گوزاری.

Server

خزمەتگوزاری. لە تۆڕی ئینتەرنێت یان تۆڕەكانی تردا ،بەرنامەیەكە وەڵامی فەرمانەكانی بەرنامەی بەكاربەر دەداتەوە.

Set-top box

قوتوی داغڵبوون.

SGML

زمانی دیاری كردنی گشتی پێوانەیی.

Share

بەشداربوون.

Shareware





بەرنامەی بەشداربوون.

Shock wave

نەزمی خزمەتگوزاری ماڵتیمیدیا.

Shock wave player

بەرنامەی كارپێكەری فلاش و شۆك وەیڤ.

Short wave

كورتەشەپۆل.شەپۆلی كورت.

Shopping cart

عارەبانەی بازاڕكردن. عارەبانەی كڕین.

Signature, sign, signature file, sig. file

ئیمزا.فایلی ئیمزا.ناونیشان.نووسینی دیجیتاڵی كۆتای پەیام ونامەی ئەلەكترۆنی.

Simple mail transfer protocol

پرۆتۆكۆلی گواستنەوەی بەریدی سادە.

Simple network management protocol

پرۆتۆکۆلی بەڕێوەبەرایەتی و،کارگێڕی تۆڕی سادە.

Site

ماڵپەڕ.سایت.پێگە.شوێن.

SLIP

پرۆتۆکۆلی هێڵی زنجیرەی ئینتەرنێتی.

Smiley

پێکەنیناوی.هەست و سۆز بزوێن. زەردە خەنە.

Smiley face

ڕووی پێکەنیناوی. ڕووخساری پێکەنیناوی .

Sail mail

بەریدی لولپێچی .زاراوەیەکی گشتییە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی خزمەتگوزاری





ئاسایی خاو ،بە بەراورد لەگەڵ خزمەتگوزاری بەریدی ئەلەکترۆنی خێرا.

SNMP simple network management protocol

پرۆتۆکۆلی بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕی تۆڕی سادە.

.Soc (.soc newsgroup)

کۆمەڵەی هەواڵی جۆری Soc.

SOT

سەرەتای دەق.

Sound board

لەوحەی دەنگ.

Sound card

کارتی دەنگ.

Sound clip

پارچەیی دەنگی.

Sound file

فایلی دەنگی.فایلی دەنگ.

**فایلی دیجیتاڵییەکان کە کاتێك چالاك دەبێت ،دەنگ و مۆزیك و ڕەنگ نمایش دەبێت و،لێدەدرێت. شێوەو فۆڕماتەکانی فایلی دەنگی ئەمانەن:**

**–فایلەدەنگییەکان:**

.Au, .Mid, . Wav

**–فایلە دەنگی و تەسویرییەکان ئەمانەن:**

.Aov, .Mov, .Mpg

Sound player

**کارپێکەری دەنگی.لێدەری دەنگی .بەرنامە –یە بۆ کارپێکردن و لێدانی فاسیلە دەنگییەکان تا گوێبیستیان بین.**

Source document

**بەڵگەنامەی سەرچاوە.**

Space

**بۆشای.ماوە.**

Spam





**سپام.پەیامێکی ئەلەکترۆنی ناپێویست و، داوانەکراوە ونەویستراوەو،نێردراوە بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵك لەیەککاتدا،وەبە گشتی پەیامی بازرگانییە.**

Spamming

**کاری ناردنی سپام.**

Special

**تایبەتی.**

Special internet group

**کۆمەڵەی هەواڵی بۆ مەبەستێکی دیاری کراو.**

Spider, robot, crawler,bot

**ئامێرو بەرنامەی گەڕانە ،کە لە لاپەڕەی ئینتەرنێتدا کاری گەڕان ئەنجامدەدات.**

Spidering

**گەڕانی ئینتەرنێتی.**

SSL

**چینی سۆکێتەکانی ئاسایشی.**

Star media

**دەروازەیەکە لە نیۆرك و لەساڵی ١٩٩٦دا دامەزراوەو،مەبەستلێی داهێنانی بازاڕە بەلەهجەی (ئیسپانی-پرتوگالی-.........)**

www.starmedia.com

Status bar

**شریتی ڕووداوەکان. شریتی زانیارییەکان.**

Stop button

**دووگمەی وەستاندن.**

Stream

**گوزەرو ڕێبازی زانیاری لە سەرچاوەوە بۆ ئامێری دەست بەسەرداگرتن و ڕێکخستن.**

STX

**سەرەتای دەق.**

Subject

**بابەت.**

Subscribe

**بەشداربوون.ئابوونەدان.**

Sun Micro system Inc.





**کۆمپانیایەکی ناسراوی بالأیە و،لە ساڵی ١٩٨٢ دا دامەزرراوە.**

Surf

**ئامادەیی پیشاندانی زانیاری ئامادەکراو و دابینکراو لە تۆڕی ئینتەرنێتدا .**

Surfer

**بگەڕ.**

Surfing

**گەڕانی ئینتەرنێتی .**

Surf watch

**کۆمپانیایەکە لە ساڵی ١٩٩٥دا دەستی بەکار کردووە.**

www.surfwatch.com

Sybase

**کۆمپانیای بەرهەمهێنانی بەرنامە و بانکی زانیارییە.**

www.sybase.com

Sysop (system operator)

**کارپێکەری نەزم**

# T

T, t

**پیتی بیستەمی زمانی ئینگلیزییەو، كورتكراوەی چەندین وشەیەو بە(تی) گۆ دەكرێت.**

T1

**پەیوەندی تەلەفۆنی بەباندەفراوانەكانەوە كە توانای گواستنەوەی هەیە بە خێرای ١٥٤٤ملیۆن بایت لە چركەیەكدا ،یان مێگابایت لە چركەیەكدا.**

T2

**هەڵگری تی دوو.توانای هەڵگرتن و گواستنەوەی ٦٣١٢مێگابایتی هەیە لە چرکەیەکدا.یان ٦٤کەناڵی دەنگی.**

T3

**توانای گواستنەوەو هەڵگرتنی ٤٤٧٣٦ مێگابایتی هەیە لە چرکەیەکدا ،یان ٦٧٢ کەناڵی دەنگی.**

Tag

**هێما.نیشانە.یەکەی زانیارییەو بەکاردێت وەکو ڕێبەر یان مەرجەع.کە هاوواتای (ئالا—بەیداخ)ە.**

Talk news group

**کۆمەڵە هەواڵییەکانی جۆری** Talk.

TCP





**پرۆتۆکۆلی دەست بەسەرداگرتن و ڕێکخستن بۆ گواستنەوە.**

TCP/IP

**پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت و پرۆتۆکۆلی دەست بە سەرداگرتنی گواستنەوە.**

Technology

**زانستی جێبەجێکردن.زانستی تەکنە – لۆژی.**

Telnet

**تێل نێت.پرۆتۆکۆلی تێل نێت.**

Terabyte

**تێرابایت.یەکەی زانیارییە کە یەکسانە بە ١٠٩٩٥١١٦٢٧٧٧٦بایت.ترلیۆن بایت. ئەم پێوانەیە بەکاردێت بۆ کاری هەڵگرتن وپاراستنی زانیارییە فراوانی بەرزەکان.**

Teracycle

**تێرا سایکڵ.ملیۆن ملیۆن سوڕ لە چرکە – یەکدا.**

Terra

**تێرا.یەکێکە لە گەورەترین دەروازەکانی جیهان.**

www.terra.com

Text

**دەق.دەقی پەیام.**

Thread

**ڕشتەی پەیام.**

Thumbnail

**وێنەی بچوك.وێنەی بچووککراوە. پیشان –دانی وێنە بەبچوکی.**

TIFF

**بەشێوەیەکی باو فۆڕماتی فایلی پێوانەییە**





**کە بەکاردێت بۆ هەڵگرتن و،پاراستن (سەیڤ)ی وێنە.**

Title bar

**شریتی ناونیشان.**

TLA

**ناوی خواستراوی سیٚ پیتی.**

tn3270

**جۆرێکی تایبەتی تێل نێتە کە سودی لێوەر دەگیرێت بۆ پەیوەندی بە کۆمپیوتەری IBM–ەوە.**

To:

**لەنامەو پەیامی ئەلەکترۆنیدا،ئەو هێمایەیە کە ناونیشانی ئیمەیڵی ئەو کەسەی لەبەردەمدا دەنووسی کە پەیام و نامەکەی بۆ دەنێریت.**

Tool bar

**شریتی ئامرازەکان.**

Top-level domain

**بواری پلە بەرز.**

Torvald, Linux

**لینوکس.**

Traffic

**ترافیك.مرور.جوڵەو ڕۆشتنی پەیام لە نەزمی پەیوەندییەکاندا.**

Traffic analaysers

**شیکەرەوەی ترافیکی.**

Transfer

**گواستنەوە.گۆڕەڕ.گوێزەرەوە.**

Transfer rate

**تێکڕای گواستنەوە.نرخی گواستنەوە.**

Translator

**وەرگێڕ.**





Tripod

**کۆمپانیایەکی بواری ئینتەرنێتە،کە خزمەت گوزاری بوواری دروستکردنی سایت یەکێکە لە بووارە گرنگەکانی وبەکارهێنەر دەتوانێت بە شێوەیەکی بێبەرامبەر و بەلاش سایتی تیا دروست بکات بۆ خۆی.**

Trojan horse

**ئەسپی تەروادە.ئەسپی تروی.جۆرێکی ڤایرۆسی کۆمپیوتەری.**

Troll

**ناردنی پەیام بۆ کۆمەڵەی هەواڵی یان خزمەتگوزاری گفتوگۆی تر لە ئینتەرنێتدا.**

TRUSTe

**کۆمپانیایەکە،لەمارسی ١٩٩٦دامەزراوە.**

# U

U, u

بیست و یەکەمین پیتی زمانی ئینگلیزییە و بە(یو)دەخوێندرێتەوە.

UA

ناوچەی بەکارهێنەر.

UCSD

زمانی یوو.سی.ئێس.دی.

Uncompress

کردنەوەی پەستان.کردنەوەی پەستێنراو. گێڕنەوەی فایلی پەستێنراو بۆ شێوەی بنچینەی خۆی و پێش پەستانەکەی.





Under construction

لەژێر نوێکردنەوەدایە.لە ژێر بنیات نان دایە.

Uniform/universal resource locator

بڕوانە URL.

UNIX

یونیکس.

Undo

پاشگەزبوونەوە.هەڵوەشانەوەی فەرمانێك.

Unzip

کردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی پەستان. لابر –دنی پەستان لەسەر فایلێکی پەستێنراو.

Update

نوێکردنەوە.تازەکردنەوە.

Upload

گواستنەوەی زانیاری لە نەزمی بەکار – هێنەرەوە بۆ ئامێری کۆمپیوتەری دوور .یان دابەزاندنی فایل و زانیارییەکان بۆ ماڵپەڕی ئینتەرنێت.

Uploading

دابەزاندن و گواستنەوەی زانیاری بۆ ناو کۆمپیوتەر یان سایت.

Urban legend

ئەفسانەی ناسراو.ئەفسانەی زۆر بلاۆ. مەبەست بلاۆکردنەوەو گێڕانەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانە لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت دا.

URL

هەموو ناونیشانی ماڵپەڕێك بە URLناو دەبرێت ،کە لەچەند بەشێك پێك دێت وەکو





http://وWWWکە بەمانای تۆڕی ڕووبەر فراوانی (جاڵجاڵۆکەی)جیهانی دێت ،و ناوی ماڵپەڕ domail nam،وپاشگر (.com, .org, .net,….)وە هەمدێك جار پاشگرێکی دیکەش لە کۆتایدا دێت کە هێمایە بۆ ناوی ولاۆتێکی دیاری کراو (بەزۆری).

URL:

http://www.pukmedia.com

http://www.kdp.info

Usenet, USENET,use net

تۆڕی بەکارهێنان.تۆڕی یوسنێت.تۆڕێکی فراوانە بۆ نەزمی یونیکس.

User

بەکارهێنەر.بەکاربەر.بەشدار بوو.

User ID, user name

ناوی بەکارهێنەر،ناوی بەشداربوو. ناسنا
–مەی بەکاربەر.

UUCP

بەرنامەی UUCP.

Uudecode

بەرنامەی UUDcode

Uuencode

بەرنامەی uuencode.لە بەرنامەی یونیکس دا،گۆڕەری فایلی دووانییە بۆ ASCIIبە بێ لەناوچوونی زانیاری.

UUpC

بەرنامەی UUPC،کە گوونجاوە لەگەڵ کۆمپیوتەری IBMوبەکاردێت لەگەڵیا.





# V

V, v

پیتی (بیست و دووهەمین)ی زمانی ئینگلیزییەو،بە(ڤی)دەخوێندرێتەوە.

VCR-style mechanism

کارپێکردن بە شێوەی ئامێری ڤیدیۆ.

VDE

داغڵکردنی زانیاری دەنگی.چوونە ژورەوەی زانیاری دەنگی.

VDO Live

بەرنامەیەکە،کە سودی لێوەردەگیرێت بۆ بینینی ڤیدیۆی .

Verisign Inc

کۆمپانیایەکی کالیفۆڕنیاییە.

www.verisign.com

Veronica

خزمەتگوزاری ڤیرۆنیکا.

Version

نەوە.نووسخە.

Video

ڤیدیۆ.

Video conference

کۆنفرانسی ڤیدیۆی. پەیوەندی نێوان دوو یان چەن کەسێکە لە ڕێگەی تۆڕی کۆمپیوتەری (ئینتەرنێتی) یەوە، کە دەتوانرێت دەنگ و ڕەنگی یەکتری ببینرێت.

Viewer





پیشاندەر.نیشاندەر.

Virtual

گریمانەیی.بەڕاستی.تەواو.ڕاستی.

Virtual domain

دۆمەین.

Virtual mail

بڕوانە ئیمەیڵ.

Virtual reality (VR)

ڕاستەقینەیی گریمانەیی.

Virus

ڤایرۆس. بەشێکە لە کۆدی بەرنامەیەك کەخۆی کۆپی دەکات بێ ئەوەی ڕووخسەت لە بەکارهێنەر وەربگرێت، واتە بێپرسی بەکارهێنەر دێتە ناو ئامێری کۆمپیوتەر و زۆر جار زیان بە کۆمپیوتەر

دەگە یەنێت. بێگومان ڤایرۆسەکان جۆریان زۆرەو بە گوێرەی جۆرەکەشیان کاری تایبەتی ئەنجامدەدەن لە سەر ئامێری کۆمپیوتەرەکەو هەندێکیان زیانی گەورە بە کۆمپیوتەر دەگەیەنن و هەندێکیان کەمتر.

Voice

**دەنگ.**

Voice unit

**یەکەی دەنگ.**

Vortal

**دەروازەی گشتی.**

VPN

**تۆڕی تایبەتی گریمانەیی.**





# W

W, w

**بیست و سێهەمین پیتی زمانی ئینگلیزییە و بە (دەبلیوو)دەخوێندرێتەوە.**

W

**تۆڕی پەیوەندی جیهانی.**

W3

**ناوی خواستراوی تۆڕی پەیوەندی جیهانییە.**

W3c

**کنسرسیۆمی نێودەوڵەتی کەلە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٤دا دامەزراوە.**

WAIS

**خزمەتکاری زانیاری تۆڕی فراوان.**

Wallet

**والێت.**

Walt disney internet group

**گروهی ئینتەرنێتی والێت دیزنی .**

www.disney.com

WAN (wide Area Network)

**تۆڕی ڕووبەر فراوان.**

WAP

**پرۆتۆکۆلی بێوایەری بەرنامەی جێبەجێ – کاری و بەکاربەر.**

.Wav

**فۆرماتی فایلی دەنگی.شێوەی فایلی دەنگی.**

Web





**وێب.دەقی تۆڕی جیهانی بۆ پەیوەندییەکان .ناونیشان،کە بەزۆری بە wwwنیشان دەدرێت و دەستپێدەکات.**

**وێب سایت.لاپەڕەی وێب.**

Web address

**ناونیشانی وێب.**

Web authoring

**دانانی وێب.**

Web browser

**بگەڕی وێب.پیشاندەری وێب.**

Web development

**بەرەوپێشچونی وێب.**

Web document

**دۆکۆمێنتی وێب.**

Web master

**بەڕێوەبەری (لێپرسراوی)ماڵپەڕ.**

Web page

**لاپەڕەی ئینتەرنێت.**

Web site, web site, web presence, site

**وێب سایت.**

Web site, web camera, cam, live cam

**وێب کام.کامێرایی وێب.**

Webcasting

**ناردنی فایلی دەنگی و تەسویری لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.**

Webcrawler

**ویب کراولەر.یەکێك بوو لە ماڵپەڕە ناسراوەکانی گەڕان.**

www.webcrawler.com

Web mail





**ویب مەیڵ. بەرنامەی ناردنی نامە لە لاپەڕەی ئینتەرنێت(وێب)دا.**

Web TV

**وێب تی ڤی.کۆمپانیایەکە ،لە ساڵی ١٩٩٥ دا دامەزراوە.**

www.webtv.com

White paper

**لاپەڕەی سپی.**

Whois

**بانکی زانیاری** Inter Nic.

Wide Area Information System/Service

**نەزمی (خزمەتکاری) ڕووبەر فراوان.**

Wide Area Network (WAN)

**تۆڕی ڕووبەر فراوان.**

Wide Area Telephone service

**خزمەتگوزاری تەلەفۆنی لە ڕووبەرێکی فراواندا.**

Win zip

**وین زیپ. بەرنامەیەکی تایبەتە بە پەستان –دن و کەمکردنەوەی کێشی فایلەکان.**

www.winzip.com

Wired

**یەکێکە لە ناسراوترین و،بالاًترین گۆڤارەکانی نێو تۆڕی ئینتەرنێت.**

www.wired.com

Wireless

**بیٚ وایەر.پەیوەندی بێوایەر.**

Wireless application protocol

**پرۆتۆکۆلی جێبەجێکردنی بیٚ وایەر.**

Worm

**کرم.ورم.**





# X

X, x

**بیست وچوارەمین پیتی زمانی ئینگلیز – ییەو،بە (ئێکس) دەخوێنرێتەوە.**

XMODEM

**پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی فایلە نا دڵنیاکان بۆ کۆمپیوتەری کەسی** PC.

XML

**زمانی ئێکس .ئێم.ئێڵ.**

XMT

**گواستنەوە.**

X-Off

**ئێکس ئۆف .**

X-on

**ئێکس ئۆن.**

XON/XOFF

**ناردن/وەستاندن.**

X-windows system

**نەزمی** Xwindows





# Y

Y, y

**بیست و پێنجەمین پیتی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییەو،بە(وای)دەخوێندرێتەوە.**

Ya.com

**دەروازەی گرێدراو بە** Jazztel**کە لە ساڵی ١٩٩٩دا لە بازاڕی ئیسپانیا هاتە مەیدان.**

www.ya.com

Yahoo!

**یاهوو.یەکێکە لە ماڵپەڕە پڕخزمەت گوزارییەکانی جیهانی ئینتەرنێت.**

www.yahoo.com

Year book

ڕێبەری ساڵانە.

Yellow page

لاپەڕەی زەرد.

Y Modem

مۆدێمی وای.

Yotta

یووتا.

Y Signal

هێمای دووانی .سیگناڵی دووانی .





# Z

Z, z

بیست و شەشەمین پیتی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییەو بە (زێت) دەخوێن-درێتەوە.

Zero

سفر.

Zero address code

کۆدی بێ ناونیشان.

Zero bits

بت سفر.

Zero centers

ناوەندی سفر.

Zip

زیپ.

Zip driver

بزوێنەری دیسکی زیپ.

Z Modem

مۆدێمی زێت.

Zone

ناوچە.





# گرنگترین

# زاراوەکانی چات

4everبۆهەمیشەی

A/S/Lتەمەن/ڕەگەز/وڵات

AAMOF.لەڕاستیدا

Adultگەورەساڵ.سەروهەژدەساڵ

After youتۆ بفەرمووو

AMBWباشترین ئارەزووەکانم

AWASHمەست.سەرخۆش

ATTNسەرنج.ئاوڕدانەوە بەلای شتێکدا

AYTلێرە.لێرەدا.لێرەی

B.بوو

B-day.ڕۆژی لە دایك بوون

B4Nخودا حافیز

BBBخودا حافیز ئەزیزم

BBFNخودا حافیز





BBIABچەند ساتێکی تر دەگەڕێمەوە

Bbnبەزووی دەگەڕێمەوە

OFFتوڕە.عەسەبی

BSپێکەنینی قاقا

Bylinerڕۆژنامەنووس

Cزانین

CMپەیوەندیم پێوەبکە

CPپەیامی گاڵتەوگەپ

CUIAلەکاتێکرتر دەتبینمەوە

Compکۆمپیوتەر

CYM بیروبۆچونت بگۆڕە

DAYخەوم پێوەبینیت

DBASهەست بەغەریبی مەکە

DETIبیریشی لێمەکەرەوە

DHمێردی ئەزیزم

DIKU؟ئایا من تۆ دەناسم

DKنات ناسم.نەمدیووی

DLTMدرۆم لەگەڵ مەکە

DWهاوسەری ئەزیزم

DWIMبەڕاستمە،شۆخی ناکەم

ESADهیچ وپوچ.ونبە لەبەرچاوم

F2Fڕووبەڕوو

FCپارانەوە

Feebبێمێشك.دەبەنگ

FDADبڕۆ، ونبە

FTBOMHلەناخی دڵمەوە

FURTBگەیشتە ئاستی تەقین

Gogaدێوانە



فەرهەنگی زاراوەکانی ئینتەرنێت و چات

GAL.بژییە،خۆش ڕابوێرە

Give it a restبێدەنگ بە

Good lookingزیبا.جوان

Gooseعەقڵسوك.بێ عەقڵ

Goshخودایە

GRBباش.فرە باش

Greetingدرود.سڵاو

GTHبڕۆ بە جەهەنەم

GTSYبە بینینت خۆشحاڵم

*H*باوەشپیاکردن

Heartدڵ

Hiسڵاو

HTلەوێیت

IAEبەهەرحاڵ

IMS داوای لێبوودن دەکەم

INMP ئەوە گرفتی من نییە

IR ولاَتی ئێران

IQ ولاَتی ئێراق

KIT خودا حافیز

COOL جوان.چاك.بەرز.بالاَ

KYFC دووعام بۆ بکە

*L* پێکەنین

LACY ژنانە

Like hell بڕواناکەم

Lounge Lizard مرۆڤی تەمەلَ

LUWAMH ئیجازەبدە تەنها ببینە هاوڕێ

LY عاشقت.خۆشەویستت





LY4E عاشقی هەمیشەیی

LYLAS وەکوبرای خۆم خۆشم دەوێی

LYLAS وەکو خوشکم خۆشم دەوێی

Lush House مەیخانە

M بووو

ME2 منیش هەروەها

Min دەقە

Mingy ڕەزیل

Morf پیاو یان ژن

N.B.T گرنگ نییە

Nice meeting you خۆشحالَم بە بینینت(چاوپێکەوتنت)

NRG هێز.ئینێرژی

Oak بێکەم و کوڕی.بێعەیب

OBOباشترین پێشنیار

PDSهاوارمەکە

Photوێنە

Picوێنە

PLSتکایە

Povدیدگا

PPLخەڵکی

PPRکاغەز.یاداشت

PTMMزیاتر بڵێ لە بارەیەوە

Qپرسیار

QSLوەڵام

QTبەنمەك

Qve passa؟سڵاو...چیی

Rهەیت.لێرەیت





Raveئاهەنگ وجەژنی گەورە

REسڵاو دووبارە

RLژیانی ڕاستەقینە

RNTنییت،لێرەنیت

Rotten Luckبێ شەنس

Ru There?لێرەی؟

Say cheeseزەردەخەنەیەك بکە

Says you؟ئەڵێیت چی

Scoopهەواڵی تازە

Screemهاوار.زریکە

Spicyئارەزووی.شەهوانی

SRYببورە

SUبێدەنگ بە

TILIIڕاستی بڵێ

Tip offسەرهەودا.سەرەداو

TMپشت بەمن ببەستە

Touchدەستلێدان

TSUP?چییە؟

Uتۆ

Uglyناشرین

You Are for Me؟تۆ بۆمنی

*W*چاوداگرتن

WAEFڕووخاو.ڕووخانی تەواو

WDYTبیرلەچی دەکەیتەوە

WOBبێهاوڕێی کوڕ

WOGبێهاوڕێی کچ

Woolfe waerویسکی.مەشروب





WYMM شووم پێدەکەیت؟دەبیتە هاوسەرم؟

YMجوانەمەرگ

YVMزۆر بە خێربێی

# سوپاس بۆ خودای
# گەورەومیهرەبان
# تەواوبوو.

**ئەم فەرهەنگانە لە ئایندەدا چاپدەکرێن**

**١-فەرهەنگی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان/گیرفانی ئینگلیزی-کوردی**

**٢-فەرهەنگی کورتکراوەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان ئینگلیزی-کوردی**





**٣-فەرهەنگی پزیشکی /گیرفانی ئینگلیزی- کوردی**

**٤-فەرهەنکی کۆمپیوتەروئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان/گەورە ئینگلیزی - کوردی**

**٥-فەرهەنگی پزیشکی /گەورە**

**٦-فەرهەنگی ناوی کوردی**

**7-فەرهەنگی زانستی بەدوو شێوە /گەورە و بچووك(گیرفانی)**